ژمارە (٥)
شەممە ١٧ی سێپتامبری ٢٠٠٥

RAPRSI

# ڕاپرسی

No. (5 )
17 th Sep, 2005

ژمارەی یەکەمی لە بەرواری
(٢٣ی‌تەمووزی٢٠٠٥) دەرچووە.

نرخی (٣٠٠)دینارە

بڵاوکراوەیەکی سیاسی گشتی ئازادە، دووهەفتە جارێك لە ڕۆژانی شەممە دەرئەچێت

# لەسلێمانی کۆبوونەوەکی جەماوەری دەکرێت بۆ دیاریکردنی کاتی خۆپیشاندان

**پارێزگاری سلێمانی ڕێگا لەخۆپیشاندانی دەستەی داکۆکی لەڕووناکی دەگرێت و وەزارەتی ناوخۆش داوارەتکراوەکان ئاراستەی پارێزگا ئەکات**



ڕاپرسی: پاش ئەوەی لە ٦ی ئەیلول ڕەزامەندنی لە وەزارەتی ناوخۆ وەردەگیرێت بۆئەنجامدانی ڕێپێوانێکی هێمنانە، سەرەنجام داواکەی دەستەی داکۆکی لەڕووناکی لە پارێزگای سلێمانی دوو ڕۆژ بگرەوبەردەی پێوە دەکرێت و لە دوایین ساتەکانی دەوامی ڕۆژی پێنج شەممە پێیان ڕادەگەیەنرێت کە ڕێگە بە خۆپیشاندان نادەن.

یەکێك لەنوێنەرانی دەستەکە، کە هاوکات ئەندامی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقە پێی ڕاگەیاندین کە داواکە لەبەر هۆکاری سیاسی ڕەتکراوەتەوە، وە لەڕێگای نوێنەری پارێزگارەوە پێیان ڕاگەیەندرابوو کە بەرنامەی کارەبا گۆڕدراوەو وەك جارانی لێدەکەنەوە، بەڵام کارەبا لەجیاتی باشترکردن خراپتربووە. وەجارێکیترو بۆ وەرگرتنی مۆڵەت بۆ کۆبوونەوە لە سەکۆی ئازادی پارکی ئازادی بەهەمان شێوە ڕێگە نادرێت و کۆنگرەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەیاننامەیەکی لەمبارەیەوە دەرکردوە. بەڵام نزیکەی ٥٠کەس لەدانیشتوانی شاری سلێمانی هەر لەپارکی ئازادی کۆبوونەوەیەك ئەکەن و تیایدا دەستەیەك بۆ سەرپەرشتی کۆبوونەوەی هەڵسوڕاوان هەڵدەبژێرن و سەرەنجام سازکردنی ڕێپێوانێکی جەماوەری هێمنانەلەسەر ئاستی شار بۆ خواستەکانی کارەباو ئاو سووتەمەنی و پێداویستیەسەرتاییەکان و داکۆکی لە ماف و ئازادییەکانی خەڵك. شایەنی باسە کە ئەندامانی زۆرێك لەحزبەکانی کوردستانی تیایە بەڵام تەنها بەناوی خۆیانەوە بەشداری ئەکەن نەك حزبەکانیان.

**ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی کەلار سەرباری هەڕەشەکان، سەرکەوتوانە کارەکانی بەرەو پێشەوە ئەڕوات.**

ڕۆژی ٧ی ئەیلولی ٢٠٠٥ کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی، وەلەسەر بانگەوازی هەردوو ڕێکخراوی بەمەدەنی کردنی کەلارو کۆمەڵەی گۆڕان، نزیکەی ٣٠٠٠کەس لەبەردەم بارەگای قائمقامی ئەو شارە کۆبوونەوەو داواکارییەکان لەڕێگەی نوێنەرانیانەوە خرایە بەردەم ئیدارەی ئەو شارە، کەبریتی‌بوو لە: دابین کردنی کارەبا، دابین کردنی ئاو، دابین کردنی سووتەمەنی، بنەبڕکردنی گەندەڵی، پێشکەش کردنی خزمەتگوزاییەکان بەدانیشتوانی ئەو شارە کە لەهەموو پێداویستییەکی سەرەتایی بێبەشە. بەڵام لەبەر نەبوونی هیچ ڕێگاچارەیەك لەبەرامبەر خواستەکانی خەڵکدا، ئیدارە کەوتە هاندانی چەکدارەکانی ئەو شارە کە هەموویان لە ئینزاردا بوون، بۆ ئیستفزاز کردنی خەڵك و لەقەکردن بەسەریاندا بۆ ئەوەی بەپاساوی ئاژاوگێڕی ئاسانتر بتوانن کۆنترۆڵی بکەن، بەڵام بەوشێوەیەی کە دیاری کرابوو و پێش وەهت نەخشەی بۆ کێشرا بوو وادەرنەچوو، چونکە خەڵکەکە زۆر لەوە زیاتر بێزارو توڕەتر بوون کە سڵ لەتەقەو هەڕەشەکانی پۆلیس و ئاسایشی ئەوشارە بکەنەوە، هەربۆیە ئەوانیش لەکاردانەوەیەکی ئاسایدا کەوتنە بەردەباران کردنی بارەگای قایمقامیەت، بەمەش پەتی تەحەمولی ئەوچەکدارە قارەمانانە پچڕاو تەیاتوانی خۆیان ڕابگرن، بۆیە کەوتنە تەقەکردنی ڕاستەوخۆ لە خۆپیشاندەران و زیاتر لە شەش کەسیان بریندار کرد، کە لەبەر خەستی برینەکانیان هێشتا ئەو بریندارانە لە خەستەخانەدان. ڕۆژی دواتر وەزیری ناوخۆی ئیدارەی یەکێتی لەوێ لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندانەکە جارێکی تر کۆبووەو بەپێی لێدوانی یەکێك لە نوێنەران وەزیر بەڵێنی چارەسەر کردنی کێشەکانی داوەو هەوڵی‌داوە کە ئەو ڕقوبێزارییە جەماوەرییە هێمن بکاتەوە. هەر لەمبارەیەوە کۆنگرەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەهەمان ڕۆژی ڕووداوەکە بەیاننامەیەکی دەرکردوە و پشتیوانی لەخواستەکانی خەڵکی کەلار کردوەو ئیدانەی ئەو هەڕەشەوگوڕەشانەی ئەو ئیدارەیەی کردوە. کە دەقی بەیاننامەکە لەلاپەڕە (٢)دا ئەخوێننەوە،

هەر سەبارەت بەم کێشەیە و ڕوونکردنەوەی زیاتری لایەنە نادیارەکانی ئەم خۆپیشاندانە،چاوپێکەوتنی ڕاپرسی لەگەڵ (مامۆستا عەباس) یەکێك بەنوێنەرانی خۆپیشاندانەکە لەلاپەڕە (٣)دا بخوێننەوە.

## ئیدارەی سلێمانی بەر بەهەموو هەوڵێکی هێمنانە ئەگرێت

## ئەبێت ناڕەزایەتی خەڵك زیاتر جۆش بخوات

**جەماوەری ناڕازی سلێمانی،**

دوای ئەوەی کە مۆڵەتی وەرگرتنی سەکۆی ئازاد لەیاریدەدەری سەرۆکی شارەوانی وەرگیرا، بۆ بەستنی کۆبوونەوەیەکی جەماوەری بۆ قسەوباس لەسەر (ماف و ئازادییەکان)، بەڵام ئاسایشی پارکی ئازادی ئەمڕۆ بەبیانووی ئەمنیەوە داوای مۆڵەتی دەزگا ئەمنیەکانیان کرد، سەرەنجام داوا لە وەزارەتی ناوخۆ کرا بەڵام پاش ڕاگرتنی نوێنەرمان بۆ ماوەی سێ‌سەعات، سەرەنجام لە دوایین کاتەکانی دەوامی ڕەسمی و بەئیمزای وەزیری ناوخۆ داواکەمان ئاڕاستەی پارێزگای سلێمانی کرا، کە ئەمە دروست مانای ڕازی نەبوون و ڕێگا پێنەدان بوو، چونکە کاتی دەوامی پارێزگا نیەو کەسێك نابێت کە وەڵام بداتەوە.

ئەم دەستی دەستی پێکردنە دروست بەو مانایەبوو کە ئیدارەی سلێمانی ڕێگە بە ئەنجامدانی هیچ جۆرە کۆبوونەوەیەك نادەن، وەئەگەر بەسەریشیاندا فەرزکرا ئەوا بەشێوەی ناڕەزایەتیەکانی‌چەند ڕۆژی ڕابردوو، بە گوللە دەنگی ناڕەزایەتی خەڵك کپ ئەکەنەوەو خەڵتانی خوێنی ئەکەن. هەر چەند ڕۆژیش لەمەوبەر پارێزگاری سلێمانی داوایەکی (دەستەی داکۆکی لەڕووناکی) بۆ ئەنجامدانی ڕپێوانێکی هێمانە ڕەتکردەوەو ڕێگای نەدا بە بەرپاکردنی.

**جەماوەری ناڕازی**

خەڵکی کوردستان وێڕای ئەوەی کە لەسات و سەودای ئەحزابی ناسیونالیست سەبارەت بەدەستورو ئایندەی کوردستان، مافەکانیان خوراوەو مامەڵەی هەرزانی پێوەکراوە، هاوکات خەڵك لە زۆربەی پێداویستییە سەرەتاییەکان بێبەشە، خەڵك لە کارەباو ئاو سووتەمەنی و خزمەتگوزاریەکان و مافە فەردی‌و مەدەنیەکان بێبەشکراوە، لەولاشەوە دەسەڵاتداران بەپارەو پولی دزراوی ئەم وڵاتە ژیانیان لەلوتکەی ڕفاهیەتدایەو ئامادەنین بەهیچ شێوەیەك وەڵامی خواستەکانی خەڵك بدەنەوە، ئەمە پێشینەیەکی خەتەرناکەو ئەگەر بەرپێنەگیرێت چەندبەرابەر ئاستی ژیانی خەڵك دێتەخوارەوە، وەچەندبەرابەریش سەرکوت و پێشلێلکاری زیاتریان بەرامبەر ئەکرێت. ئێمە لەکاتێکدا کە هەڵوێستی وەزارەتی ناوخۆو پارێزگای سلێمانی بەتوندی ئیدانە ئەکەین و بە پێشێل کردنی ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی لەقەڵەم ئەدەین، هاوکات ئەوە دووپات ئەکەینە کە دەست بۆ شێوازیترو شێوەکاریتر ئەبەین بۆ هێنامەیەدانی خەڵك و بەرزکردنەوەی داواکانیان و وەرگرتنەوەی مافەدزراو ئازادییە زەوتکراوەکانیان. بانگەوازی ئیدارەی سلێمانیش ئەکەین کە دەست هەڵگرێت لەو شێوازەو مل بدات بەویست و داخوازییەکانی خەڵك.

**بـژی ئیرادەی جەماوەریی خەڵك**

**کۆنگرەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان**

**١٣/٩/٢٠٠٥**

**فەرهاد پیربال:**

## پشتیوانی ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کەلار ئەکات ناوچەی زانکۆی سەڵاحەدین لەدەست کۆمەڵێک بەعسی‌و نەزاندایە

ڕاپرسی، نەوا: لەبەیاننامەیەکدا کە بۆ پشتیوانی گەنجانی کەلار نوسیویەتی، فەرهاد پیربال ئەڵێت" ئەی گەنج و تەڵەبەو ڕێکخراوەجەماورییەکانی کەلار....... دەستخۆشیتان لێدەکەم لەو هەنگاوەی کە لەپێناو خۆشترکردنی ژیانی خۆتان ناوتانە... پشتیوانی خۆمتان بۆ دووپات ئەکەمەوە" وە لەبارەی ئەو کێشەیەی کە زانکۆی سەلاحەدین بۆی دروستبووە، ڕەخنەی توند لە ناوچەی پارتی سەربە زانکۆی ناوبراو ئەگرێت و ئەڵێت"ناوچەی زانکۆی سەڵاحەدین لەدەست کۆمەڵێک بەعسی‌و نەزاندایە"

**شایەنی باسە کە زانکۆی سەڵاحەدین لەسەر داوای هەریەک لە ڕاگری کۆلیژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان و کۆلیژی پەروەردەی بنیاد، فەرمانی گواستنەوەی هەندێک لە مامۆستایانی پسپۆڕی دەرکرد، بەمەبەستی پڕکردنەوەی پێداویستی میلاکی هەندێک بەشی کۆلیژەکان. مامۆستاکانیش بریتین لە دکتورعبدالله محمد احمد حەداد پسپۆری یاریدەدەرو دکتورئیبراهیم قادرو دکتورفەرهاد پیربال و دکتورعبدالمجید رشید و دکتورسوهەیلە عبدالحمید و مامۆستا سروە دەشتی وەهاب.**

**لەسەردانەکەیدا بۆ سلێمانی**

## بارزانی لەسەر سەڵاحیەتەکانی پارێزگای سلێمانی قسەی هەیە

ڕاپرسی، ئاژانسەکان: هەفتەی ڕابردوو حکومەتی هەرێم(سلێمانی) بڕیارێکی دەرکرد سەبارەت بە سەڵاحیەتەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، کە تیایدا ئاماژە کراوە بە جێگەوڕێگەی ئەنجومەنی پارێزگاو پەیوەندی ئەو بەوەزارەتەکانی هەرێمەوە، کە لە زۆر جێگادا هاتووە کە وەزارەتەکان بەتەنسیق لەگەڵ پارێگادا کارەکانیان ئەبەنە پێشەوەو لەهەندێك بڕگەی بڕیارەکەدا هاتوە کە دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگا باڵاترە لە وەزارەتەکانی هەرێم، ئەم بڕیارەو ئەم ئاڵوگۆڕکێیە دوای ئەوە دێت کە بڕیارە ئیدارەکانی هەرێم ببنەوەبەیەك و لێرەوە ئەم بڕیارە پاڵپشتی فراوانکردنەوەی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگا دەکەن، بۆکەمکردنەوەی دەسەڵاتی باڵاتر کەسبەی ڕۆژ ڕووبەڕووی یەکێتی ئەبێتەوە. هەروەها پاش دەساڵ و لەسەردانێکدا بۆ شاری سلێمانی بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان وێڕای کۆبوونەوەی زۆری داخراو و یەکدوانێکی کراوەی لەگەڵ بەپرسەکانی دەزگا پەیوەندیدارەکان هاوکات کۆبوونەوەی تایبەتی لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کردوەو یەکێك لە گرنگترین باسەکانی ئەو مەسەلەی دەسەڵاتی پارێزگا بوو. کەچاودێرانی سیاسی لەکوردستان ئەگەری ڕێکەوتن لەسەر ئەم مەسەلەیە بەدوور ئەزانن.

**ڕێبوار ئەحمەد:**

## خەباتی جەماوەری دژی گەندەلی‌و نەبونی خزمەتگوزاریەکان پیویستی بە ریکخراو بوون‌و سەراسەری بونەوە هەیە!

لە پەیامێکیدا بۆ پشتیوانی لەخۆپیشاندانەکانی خەڵکی کەلار، لیدەری جزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، ڕێبوار ئەحمەد دەڵێت: "١٤ساڵە ئەحزابی بزووتنەوەی کوردایەتی، بە هەموو شیوەیەك ئیمتحانی خۆیانداوە، هەموو سیناریۆو مانۆرەکانیان لەلایەن خەلکەوە تاقی کراوەتەوە. بە کردەوە دەرکەوت کە دەسەلاتی ئەوان هیچ مۆرکیکی دەسەلات‌و ئیرادەی خەلکی پیوەنیە. خۆیان‌و دەسەلات‌و میلیشیاکانیان دژی خەلکن، دژی ئازادی‌و مافە سیاسی‌و ئابوریەکانی خەلکن..." وە بانگەوازی خەڵکی کوردستان ئەکات کە لە دژی گەندەلی‌و نەبونی خزمەتگوزاریەکان، ناڕەزایەتیەکانی خەڵك پیویستی بە ریکخراو بوون‌و سەراسەری بونەوە هەیە. شایەنی باسە کە ڕێبوار ئەحمەد پێچەوانەی سکرتێری حزبەکانی کوردستان، کە لەجیاتی پشتیوانی لە بەرامبەر خەڵك وەستانەوە، ڕێبوار ئەحمەد دەڵێت" حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری پشتیوانی خەڵکەو لە سەنگەری پیشەوەی ئەم خەباتە رادەوەستێت" لە سایتی (ح ك ك ع )ەوە

## باندێکی دزی لە پێنجوێن دەستگیر دەکرێت

**نەوا: دوای ئەوەی بۆ ماوەیەک بەهۆی دزین و هەڵکوتانە سەر ماڵی هاوڵاتیان نیگەرانی لە ناو دانیشتوانی شارۆچکەی پێنجوێن و دەوروبەریدا دروست بوبو و دەنگۆی ئەوەبڵاوبوبۆوە کە باندی دزی لە پێنجوێندا پەیدابوە ، دەزگا ئیداریەکان و مەفرەزەکانی پۆلیسی پێنجوێن هەوڵەکانیان خستەگەڕ بۆ دەسگیرکردنی ئەو کەسانەی کە پشێویان خستۆتە ناو هاولاتیانەوە و سەرەنجام دزەکانیان دەسگیرکرد ، ( عومەر غەریب ) قائیمقامی قەزای پێنجوێن لەو بارەیەوە وتی : عومەر غەریب: پاش ئەوەی کە کۆمەڵێک زانیاریمان بەدەست گەیشت، کە دوێنێ کابرایەکیان رووت کردۆتەوەو شەش حەوت هەزار دیناریان لێ سەندووە، پاش ئەوە دزەکان ئاشکرا بوون، دوو دز بوون‌و یەکێکی کەش هاوکاریان بووە، لە پێنجوێندا پاش ئەوەی کە دڵنیا بووین کە ئەو سێ دزەن، لەبەرئەوە مەفرەزەیەکی پۆلیس و پۆلیسی گومرگ چوونە سەریان‌و دوانیانی لەوێ گرت‌و یەکێکی تریشیان لە ناوچەی (کانی خان) گیرا، لەمەوپێش چەند دزێکی ترمان گرتبوو بەڵام بەدەسگیرکردنی ئەم سێ دزە هیوام وایە کۆتایی هەموو دزەکان بێت لە پێنجوێن.**

# شۆفێری پاسەکانی هێڵی ناو شاری کۆیە مانیان گرت

**نەوا: بێشنیوەڕۆی سێ شەممە ١٣/٩/٢٠٠٥ شۆفێری ( ٤٥) پاسی هێڵەکانی ناوشاری کۆیە لەبەردەم پارێزگاری هەولێر لەکۆیە مانیان گرت سەبارەت بەم مانگرتنە یەکێک لەشۆفێرەکان ڕاگەیاند: بەپێ ی بڕیاری پارێزگاری هەولێر لە کۆیە بەنزینی پێویستمان بۆ دابین ناکرێت تا نرخی هێڵەکانی ناوشاری کۆیە لە (٢٥٠) دینارەوە نەکەین بە (٢٠٠) دینار کەئێمە هەرگیز بەم پێشنیارە ڕازی نابین، یەکێکی تر لەشۆفێرەکان گوتی گەر چارەسەری ئەم کێشەیەمان بۆ نەکرێت ئەوا دەچینە شاری سلێمانی وەک خاوەن سەنیەکانی شاری سلێمانی ماندەگرین دوابەدوای دیتنی نوێنەری شۆفێری پاسەکان لەلایەن (نەوزاد کاکە ڕەش) جێگری پارێزگاری هەولێر لەکۆیە جێگری پارێزگاری هەولێر لەکۆیە بڕیاری دا گرفتەکەیان بۆ چارەسەربکات بەمەش داوای لێکردن بگەڕێنەوە سەر کارەکانی خۆیان.**

# پشتیوانی لەخواستەکانی خەڵکی کەلار ئەکەین

## ڕاپەڕینی گەروەری کەلار تائێستا سەرکەوتوە

ئەمڕۆ چوارشەممە بەرواری ٧/٩/٢٠٠٥ لەلایەن دەستەی بەمەدەنی کردنی کەلارو کۆمەڵەی گۆڕان، سەرپەرشتی ڕێپێوانێکی هیمنانە کرا بۆ بەردەم قائمقامیەتی کەلار، بۆ خواستی باش کردنی کارەباو ئاو و دابین کردنی پێداویستییەکانی خەڵك، سەرەتای کۆبوونەوەکە لەبەردەم سەنتەری هەڵەبجەو دواتر بەرەو بارەگای قائمقامیەتی قەزا بەرێکەوتن، ژمارەی خۆپیشاندەران زیاتر لە ٢٥٠٠کەس بوو، کە ئەمە گەورەترین ڕێپێوانی جەماوەرییە کە لەوشارەدا ئەکرێت بەرامبەر گەندەڵی دەسەڵاتداران.

نوێنەرانی خۆپیشاندانەکە کەچووبوونە لای قائمقامی کەلار، هێشتا لەگفتوگۆکردندا بوون لەگەڵ قائمقام، کەچی بەبێ هیچ پاساوێك فەزای عەسکەری ئەو ناوەی داگرتو هەڕەشەوگوڕەشە لەخەڵكو چاوترساندن دەستی پێکرد، کە ئەمە وایکرد وەزعەکە ئاڵۆزتر بێت، هەرچی ئیدارەی حکومەتو جەنابی قائمقامیشە لەبەردەم خواستەکانی خەڵکدا بێدەنگبوون‌و بێوەڵام بوون، بەڵام خەڵکی سوور بوون لەسەر ئەوەی کە قائمقام ئەبێت خۆی بێتو ڕاستەخۆ بۆ خەڵکەکە قسەبکات، بەڵام نەقائمقامو نە کەسیتر لەو ئیدارەیە جورئەتی خۆنیشاندانی خەڵکیان نەبوو، وەتەنها داوایان لەنوێنەران ئەوەبوو کە ئەو خەڵکە هێمن بکەنەوە، بەڵام نوێنەرەکان پێیان ووتوە "کە تۆ دوو ئاسایشت پێ هێمن ناکرێت ئێمە چۆن سەدان کەسمان پێ هێمن ئەکرێتەوە، ئەو خەڵکە بە دابین کردنی پێداویستیەکانی ژیانیان هێمن ئەبنەوە". ئەمەش ڕقو بێزای خەڵکەکەی زیاتر کردوهەڕەشەو چەك ڕووکردنە خەڵك لەلایەن ئاسایشەکانەوە ، وایکرد کەخەڵکەکە بکەونە بەردباران کردنی قائمقامیەتو جامی سەیارەو شوشەی بیناکەیان شکاندو لەولاشەوە تەقەیەکی ئیجگار زۆر کرا لەهاوڵاتیان بۆ بڵاوەپێکردنیان، کە لەئاکامدا زیاتر لە شەش کەس بەخەستی بریندار بوون، کە دەنگۆی ئەوە بڵاوە کە دوان لەبریندارەکان گیانیان لەدەست دابێت. دوای ئەوەی کە ئەو ڕێپێوانە هێمنانەیە شێوێندراو وەك کردەوەی هەمیشەیی ئاسایش چەکی تیابەکار هێنرا بۆ سەرکوتی خەڵك، خۆپیشاندەران بڵاوەیان پێکرا، بەڵام نوێنەرانی خەڵکەکە ئێستا سەرگەرمی داڕشتنی نەخشەیەکی ترن بۆ چارەسەری وەزعەکەو هێمن کردنەوەیی‌و خواستی دادگایی کردنی هەموو ئەوانەی کە هۆکاری ئەو شێواندنەبوون لەئاسایش‌و پۆلیسەکان.

ئەمە یەکەمجار نییە کە ئاسایش بەم شێوازە نائینسانی‌و دوور لەهەربەهایەکی مرۆیی ڕەفتار ئەکات، تەنها لەماوەی دوومانگی ڕابردوودا ئەمە سێهەمین جارە کە تەقە لەخۆپیشاندەرانی بێچەك ئەکرێت، کە تەنها هێزە سەرکوتگەرو دیکتاتۆرەکان ئەم شێوازەیان هەیە. شایەنی باسە کە پارێزگاری سلێمانی ماوەی دوو ڕۆژە مۆڵەتی یاسایی خۆپیشاندانی (دەستەی داکۆکی لەڕووناکی خەڵك)ی بەبیانووی جۆراوجۆرەوە دواخستوەو بەنیاز نین ڕێگا بدەن کە خۆپیشاندان بکرێت لەسلێمانی بۆ خواستی باش کردنی کارەبا.

ئێمە لە کۆنگرەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان وێڕای پشتیوانی تەواومان لەو نارەزایەتیانەی خەڵك، هاوکات ڕایدەگەیەنین کە ئەبێت دەست بەجێ گیراوەکان ئازاد بکرێن‌و تاوانبارانیش بەسزای خۆیان بگەیەنرێن، هاوکات دەسەڵاتداران ئەبێت نیشانی بدەن کەئەگەر خزمەتی خەڵکیان پێناکرێت، با واز بهێنن. هەروەها بانگەوازی تەواوی خەڵکی کەلار ئەکەین کە لەسەر داواکاریەکانیان سوور بن‌و شێوازی خەباتگێڕانەیتر بگرنە بەر بۆ درێژەدان بە نارەزایەتیەکانیان‌و گەیشتن بەئامانجەکانیان.

**بژی خەبات لەپێناو باشکردنی ژیان،**

**ڕیسوایی بۆ سەرکوتگەران.**

**کۆنگرەی ڕفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان**

**٧ی ئەیلولی٢٠٠٥**

# حوکمی قەرەقوش بە دەستوور

**عوسمان حاجی مارف**

ghafur@ukonline.co.uk

داستانەکانی قەرەقوش واقعی بن یا خەیالی، وەك ڕەمزی زولم‌و زۆرداری‌و نمونەی دکتاتۆرەکان گیردراوەتەوە، کە ئەوپەری بێ ئعتباریی‌و بێ حورمەتیە بە ئینسانیەت. نمونە هینانەوەیە بۆ دەسەلاتدارانیك کە پەیرەویان لە هیچ دەستوورو یاساو ئوسل‌و نیزامیك نەکردووە کە شایانی بەشەریەت بێت، لەکاتی بەریوە بردنی حوکمرانیاندا هەرچییەك بەخەیالیاندا هاتووە ئەو پەری زۆرداری‌و سەرکوتی خەلکی‌و مل پەراندنیان جێبەجێکردووە.

نمونەی ئەم قەرەقوشانە لە جیهاندا زۆرن لە بابەتی هیتلەر، مۆسۆلۆنی، چاوچیسکۆ، بۆل پۆت، خومەینی، صدام حسین، تا تالیبان‌و بن لادن...، کە بێ بەهاترین‌و کەمترین ریز لایان ئینسان‌و ژیانی ئینسان بووە، لەناوچونی هەزاران ئنسان لە ئاوخواردنەوە ئاسانتر بووە بۆیان..

بەلام رادەی زالمی ئەو قەرەقوشانە مەسەلەیەکی سایکۆلۆجی‌و حەزو خۆشی کەسەکان نیە، وەك ئەوەی هەندیك لە نووسەرانی ئایدیالستی شی دەکەنەوە ، بەلکو زادە و بەرهەم هینانی ئەو بزووتنەوە کۆمەلایەتیانە کە عەقیدەو نەتەوە پەرستی دەکەنە مەسەلەیکی پیرۆزو دەبیت ئیسنان بیان پەرستێ‌و مل کەچیان بیت.

کاتیك هەر عەقیدەو بیرو بۆچونیك وەك مەسەلەیەکی موقەدەس‌و ئەوەل رادەگەینرێت‌و دەسەپینرێت، ئاشکرایە دەبێتە مایەی دژایەتی کردنی هەر عەقیدەو بیرواو بۆچونێکی تری بەرامبەری، دەبیتە مایەی کارەسات‌و دەردی سەری‌و ئاشوب‌و ئاژاوە.

صدام حسین لەبەر ئەوەی نوینەرو رەمزی نەتەوەپەرستی عروبە بوو وا بووە ئەو درندە بێ وێنەیە، بە ئایدۆلۆژی بەعسیەت‌و عەرەبایەتی بوو عیراقی کردە زیندان‌و دۆزەخ بۆ خەلکی عیراق، ئیسلامی سیاسی بوو پەیامی بە جێهێنانی ١١سیپتمبەری سپارد بە بن لادن، ئەفغانستانی بەدەستی تالەبانیەکان کردە مەنجەنیق.

ئازادی سیاسی، ئازادی ئنسانەکان، دەورو ئیرادەی ئینسان، ئینسانیەت‌و مافی ئینسان، ئازادی بیرورا لە سەپاندنی هەر ئایدۆلۆژی‌و عەقیدەیەکدا دەبنە ژیر دەست‌و پێوەو تیرۆر دەکرین، بە تانك‌و فرۆکە تۆپ باران‌و دەستریژ دەکرێن‌و ناهیلن سەر دەربهێنن.

سەپاندنی هەر عەقیدەیەك بەسەر خەلکیدا لە هەر هیزو لایەنیکی سیاسیەوە بیت، سەر بەهەر بزووتنەوەیك بیت، روخسارێکی دێزو بۆگەناویە، ژیانی بەشەریەت ناشرین دەکات‌و کارەساتی بەردەوام بەدوای خویدا دەهینێت.

دەرگیری خەلکی عیراق لە بەرامبەر دەسەلاتی بۆگەنی صدام حسیندا لە بۆگەنی نەتەوەپەرستی عەرەبایەتی‌و بەعسیەتەوە بوو، هەتا عەرەبایەتی تۆخ کردایەتەوە ئاگری دۆزەخەکەی داختر دەبوو، کاتێ صدام پەنای برد بۆ ئیسلامی سیاسی‌و (الله اكبر)ی دا لە ئالای عیراق، ئاسمانی عیراقی تەواو رەشکرد.

کیشەی ئەسلی سەپاندینی عەقیدەو مەزهەب‌و نەتەوەپەرستی‌و موقدەس کردن‌و بەرەسمیەت ناسینێتی لە دەستووری دەولەتدا، کە نابێت قەبول بکرێت‌و دەبیت ئەوانە پوچ کرینەوە، لە دەولەت‌و تەعلیم دورخرینەوە، تەنها ببنە مەسەلەیك شەخسی. دەولەت دەبێت غەیرە قەومی‌و غەیرە دینی بێت، گەر وەها نەبیت هەمیشە قەرەقوشەکان دەسەلاتیان ئەبێت‌و ژیانی خەلکی هەراسان دەکەن.

لە رەشنوسی دەستووری ئیستای عراقدا نوسراوە (لە ماددەی دووەم: بەشی یەکەم: ئیسلام ئاینی رەسمی دەولەت‌و سەرچاوەی بنەرەتی تەشریعە. ئەلف: نابیت یاسایەك دابریژریت دژی حوکمە جیگیرەکانی ئیسلام بێت.)

ئەمە زەنگی مەترسیەکی گەورەی ترە، کە رەشنوسی دەستووری عیراق پیمان رادەگەیەنیت، خەریکە بە ریکەوتنی هیزە کۆنەپەرستەکان، نەتەوەپەرستان‌و ئیسلامی سیاسی، حوکمی قەرەقوشەکان دەکەنە دەستوورو لەسەر تەختی دەسەلاتی سیاسی لە عیراقدا دایان دەمزرێنن، کە بە مل کەچی بونیان بۆ دەولەتی ئەمریکاو ملهوری بە خەلکی عیراق دەولەتی دژی ئینسانیەت دروست دەکەن.

کاتێ داریژەرانی دەستوور ئیسلام دەکەنە ئاینی رەسمی دەولەت‌و سەرچاوەی بنەرەتی تەشریع، ئیتر هەر شتیکی تر بەدوای ئەودا بنوسریت پوچەو بێ مانایە، بە تایبەتی کە وەها تۆخی دەکەنەوە(نابیت یاسایەك دابریژریت دژی حوکمە بنەرەتیکانی ئیسلام بیت)، واتە یەکسانی ژنان‌و پیاوان قەدەغەیە، عیلمانیەت جەریمەیە، دژی حوکمی ئیعدام ناشەرعیە، مافی ئینسان کفرە، گەر دەورو ئیرادەی ئینسان بێتە مەیدان دنیا ئاخر دەبیت، جیابونەوەی کوردستان وەك مەشروباتی کحولی حەرامەو خەلکی کوردستان لە بری بریار لەسەر چارەنوسی خۆیان دەبیت چاوەرێ بن لەو دنیا شەرابی تەهور بنوشن.

ئەمەیە نمونەی دەستووری دژی ئینسانی کە حیزبەکانی کوردایەتی بە شانوبالیا هەڵئەدەن‌وپێی رازین‌و بانگەوازی خەلکی دەکەن دەنگی پێ بدەن، داوا دەکەن خەلکینە وەرن رەسمیەت بە دەسەلاتی قەرەقوشە ئیسلامیەکان بدەن، تا دوای روخانی صدام‌و بەعسیەکان زەلیل ترو داماوتربین، ئەم جارە دەسەلاتی سیاسی لە عیراقدا بە ریکەوتنی نیوان نوینەرانی کوردایەتی‌و ئیسلامی سیاسی‌و عروبەو بە زەبری هیزەکانی دەولەتی ئەمریکا لە ریگەی دەستووریکەوە کە خەلك بچن دەنگی پێ بدە حوکمی قەرەقوشی دەسەپێنن.

دەبێ ریگە نەدەین ئەم دەستوورە بەناوی ئیمەوە رەسمیەت وەرگرێت، ریگەی دژ وەستانەوەو بەرد باران کردنی ئەم دەستوورە بگرینە بەر، فرسەت بە هیچ قەرەقوشیك نەدەین دەولەت لە عیراقدا دروست کات، ریگەمان پەسەند کردنی دەستورێکە دابینی پیکهینانی دەولەتیکی غەیرە قەومی‌و غەیرە دینی بکات.

# هەڵوێستی "بزوتنەوەی ریفراندۆم" سەبارەت بەدەستور شەرمۆك و جەبونانەیە!

**سامان کەریم**

zaryak@yahoo. com

پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی ٢٤/٨/٢٠٠٥دا بەلیی یەکێتیو پارتی بۆ لکاندنی کوردستان و زیندە بەچالکردنی خواستی جیابونەوەی کوردستان و ریفراندۆمیکی گشتی و ئازاد و سەرکوتی مافە سیاسی و مەدەنیەکانی خەلکی کوردستان، جەخت لێکردوە دوجار هاڕیکردەوە. بەناو "بزوتنەوەی ریفراندۆم" و بە ئیمزای "کۆمیتەی بالای بزوتنەوەی ریفراندۆمی کوردستان–دەرەوەی وولات–" لە ڕۆژی ٩/٤دا واتە پاش ١١ ڕۆژ هەلویستێکی جەبونانە و شەرمۆکانەی دەربریوە سەبارەت بەدەستور، کە بەراستی هەر شایانی ئە و کەسانەیە کە بە عەقد کاری سیاسی بگرنە ئەستۆ.

***" بزوتنەوەی ریفراندۆم" بزوتنەوەی یەکێتی و پارتی بوو!**

"بزوتنەوەی ریفراندۆم" بزوتنەوە نەبوو وەنیە. هەر بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتی مانای سیاسی و کۆمەلایەتی خۆی هەیە. ئەم جولانەوەیە یەکێتی و پارتی پێکیان هێنا بەهۆی کۆمەلێک لە نوسەرانی داروەستەی خۆیانەوە لە پێناو لەباربردنی خواستی ڕەواو بەرحەقی خەڵکی کوردستان و لەراستیدا بۆ ئیحتواکردنی خواستی ریفراندۆم و جیابونەوەی کوردستان بوو. بەلام ئەم سیاسەت و تاکتیکەی یەکێتی و پارتی جێگایەکی گرینگی هەبوو بۆخۆیان، لە لایەک تاڕادەیەک خەڵکی کوردستانیان سەرگەرم کرد بە خۆیانەوە لەرێگای سەرانی ڕاسپێردراوی ئەم بە ناو "بزوتنەوەیەوە" و بەم پێیەش خەڵکی کوردستان ڕاستەوخۆ کران بە حەلقەی زەختێکی گەورە بۆ جێبەجێبونی ئامانج و سیاسەتەکانی یەکێتی و پارتی بەبی ئەوەی بەخۆیان بزانن، چونکە حەلقەی سەرەکی ئەم تاکتیکەی یەکێتی و پارتی بۆ بەرێخستنی جولانەوەیەکی لەم چەشنە زەخت و فشار بوو بۆسەر ئەمەریکا و هێزە ئیسلامی و قەومیەکان لە بەغدا لە پیناو دابینکردنی فیدرالیەتدا، ئامانجی یەکێتی و پارتی کە ڕاستەوخۆ دژ بەو ویستە ڕاگەیەندراوە بوو کە " بزوتنەوەی ریفراندۆم " بەرزیکردبوەوە. ئەم "بزوتنەوەیە" ئەگەر بە زەرەیەک زەمینەی کۆمەلایەتی هەبوایە، جگە لە زەمینە کۆمەلایەتیەکەی یەکێتی و پارتی، ئەوا هەروا بەئاسانی و شەرمۆکانە بۆیان نەدەکرا واز لە خواستەکانیان بهێنن و واز لە دەنگی ٩٨% و خۆپیشاندانی ٢ی ئۆکتۆبەری سالی ٢٠٠٤ خەڵکی کوردستان بهێنن و لەبەرانبەر ئەحزابی کوردی و بڕیاری پەرلەمانیشدا کە دژ بە خواستی ڕاگەیەندراوی ئەم بزوتنەوەیەیە هەروا بی دەنگ بن!. ئەم بزوتنەوەیە لیرەدا و تاکو دەورەیەکی تر وەزیفەکەی تەواو بوو، چاوەریی ئەوەیە کە یەکێتی و پارتی فشارێکی تریان بۆ بێت و ئەمانیش عەقدێکی تر ببەستن. بەڵام خواستی ریفراندۆم و جیابونەوەی کوردستان یەکێکە لە گەوەرترین و فراوانترین خواستەکانی خەڵکی کوردستان و پیم وابیت خەلکی کوردستانیش لەناوەڕۆکی ئەم " بەناو بزوتنەوەی ریفراندۆم"ە گەیشتوە، یان پێویستە تێگەیشتبێت و چیتر بە تەپڵەکەی هەلنەپەرێت.

***بەیاننامەی "بزوتنەوەی ریفراندۆم" دەربارەی دەستور –دەرەوەی وولات!**

ئەم بەیاننامەیە پاش ١١ ڕۆژ دەرچوە بەناوی –دەرەوەی وولات– پرسیاری یەکەم ئەوەیە بۆچی بەناوی دەرەوەی وولات؟! دورنیە سبەینێ سەرانی ئەیلی ئەم بزوتنەوەیە کە لەکوردستاندا دەژین پیمان بلێن لە ترسی یەکێتی و پارتی ئیمە نەمان توانیوە بەیاننامەیەک دەربکەین، بەلام مەسەلەکە ئەوەنیە و پەیوەندی بەمەسائیلی ئەمنییەوە نیە، ئەوان خۆیان فەرمانبەرن و چیان پی بوتریت ئاوا دەکەن و ئەمڕۆ پاش ئەوەی دەستورە کۆنەپەرست و گەندەڵ و بۆگەنەکەی عێراق ڕیککەوتنی لەسەر کراوە، ئیتر بۆ یەکێتی و پارتی ئەرکی تر هاتۆتە پێشەوە، ئەویش ڕاپێچکردنی خەڵکی کوردستانە بۆ دەنگدان بۆ ئەم دەستورە کۆنەپەرستە، کە تیایدا ئەرکی بزوتنەوەی ریفراندۆمیش لەم دەورەیەدا بە ئاکامی خۆی گەیشتوەو لایەنی کەم لە ڕوانگەی یەکێتی و پارتیەوە "فیدرالیەت"یان بۆ جێبەجێبوە و بۆیە ئیتر سەرانی بزوتنەوەی ریفراندۆم دەچنەوە سەر کاروباری خۆیان. هەر بۆیە تەنانەت ئەم بەیاننامەیەش هیچ جۆرە ڕەخنەو تەنانەت گلەیی و گازندەیەکی تێدانیە بەرانبەر بە یەکێتی و پارتی و تەنانەت ئاماژە ناکات بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستانیش، کە چۆن بڕیاریان داوە دژ بە داواکارییە ڕاگەیەندراوەکانی خۆشیان. بەیاننامەکە لەوەش زیاتر دەڕوات و یەکێتی و پارتی لە ژێر باری هەر مەسئولیەتێک هێناوتە دەرەوەو وەک ئەوەی کە یەکێتی و پارتی نوسەرانی دەستور نەبوبن و لە بەغدا سەرۆک و ٧٥ ئەندام پەرلەمان و ٨ وەزیریان نەبوبێت!! بەیاننامەکە پیمان دەلێت ". . چاوەڕوان بوو لە هێزە سیاسیە نوێکانی گۆڕەپانی عێراق و دەوڵەتە دەسەلاتدارە کاریگەرەکان و (بەتایبەت ئەوانەی دەستیان هەبوو لەو گوناهە مێژوویە گەورەیەی دەرهەق بە کورد کرا لە سەرەتای سەدەی ڕابوردوو) کە ئەو گوناهە بسڕنەوە و ماڵ بگەڕێننەوە بۆ خاوەن ماڵ و بەپیی یاسا و پەیمانە نێو دەوڵەتییەکان مافی دیاریکردنی چارەنوس بدری بەم گەلە، بەلام وا کەرەتێکی تر گوناهی مێژوو دووبارە بووەوە لە ئاست ئەم میللەتە وەک ئەوەی ئەم میللەتە لە ئەستیرەیەکی تردا بژی و بەدەر بێت لە مافە مرۆیەکان و یاسا نێ، دەوڵەتیەکانی ئەم سەر زەمینە. لەم ڕۆژانەدا ڕەشنوسی دەستوری نوێی عێراق دەرچووە و گفتووگۆکەرانی کوردی پێی قایل بوون. . "!!

سەرنج بدەن لەم پاساو دان و مامە حەمەیی کردنە بۆ یەکێتی و پارتی، سەرنج بدەن لەم دەربڕینە شەرمۆک و جەبونانە، زۆر ئادق و بە ئینێافانە پێویست بوو بوترێت "ئیمە ئەرکمان تەواو بوە و جاری ئیشیان بە ئێمە نەماوە و ئیمە ئیشی خۆمان بەجێگەیاند" ئەگینا چ بزوتنەوەو جولانەوەیەک هەیە لە دنیادا، کە لە پیناو خواستەکانیدا لایەنی کەم ڕەخنە نەگرێت لەو لایەنانەی کە دژ بە جێبەجیبونی خواست و ئامانجەکانیەتی، لایەنی کەم بانگەوازی خەڵک نەکات بۆ ڕوبەڕوبونەوەو وەستانەوەو دریژە دان بە خەبات؟ بەلام بزوتنەوەی ریفراندۆم جنسێکی ترە، لە قوماشە عادییەکەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست. ئەم بزوتنەوەیە دڵی نایە ڕەخنە لە یەکێتی و پارتی بگرێت و وەک ئەوەی سەرانی یەکێتی و پارتی تەنها تەماشاکەر بوبن لە نوسینی دەستوردا، وەک ئەوەی بارزانی و تاڵەبانی لە ریزی دواوە دانیشتبن و هیچ کارە بوبن و تەنها لەسەر کورسی ئیحتیات دانیشتبن و یاریکەری ئەیلی نەبوبن. بۆ هەموو دنیا ڕۆشنە کە یەکێتی و پارتی یاریکەری ئەیلی بون لە لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە لە بە زیندە بەچالکردنی خواستی ئەو ٩٨%ی کە ئیوە خۆتانی پێوە هەڵدەکێشن، لە داڕشتنی کۆنەپەرسترین دەستور و ڕاپێچکردنی خەڵکی کوردستان بۆ ژێر چنگی ئیسلامی سیاسی و شەریعەتەکەی، لە بە کۆیلەکردنی ژنان و لاوان و بەستنەوەیان بە کۆنەپەرسترین یاسا و فەرهەنگ و عادەتەوە، لە سەرکوتی خەڵکی کوردستان و زەوتکردنی مافە سیاسی و مەدەنیەکانیاندا، وە لە نوسینی دەستوریک کە تەواوی خەلکی عێراق گیرۆدە دەکات بە بی مافی سیاسی و ئابوری و مەدەنی و فەردی و دەیانخاتە نیو گێژاوی شەری قەومی و تائیفیەوە. بەلام لایەنێکی تری ئەم برگەیە بێماناترین تەوەقع چاوەڕوان دەکات لە " هێزە سیاسیە نوێکانی گوڕەپانی عێراق و دەوڵەتە دەسەلاتدارە کاریگەرەکان" ئەوەی کە چاوەڕوانی ئەو هێزانەی دەکرد یەکێتی و پارتی بوون ئەگینا کەسی دیکە نەبون، هیچ کەس لە کوردستان دڵی بە ئیسلامی سیاسی شیعی و حجەالله کانیان نەک خۆش نەبوو بەڵکو بە دێوەزمەی داهاتویان دەزانی. ئەوە یەکێتی و پارتی بون لەسەر تەلەفیزیونەکانەوە کاڵەکیان بە ئەژنوی خۆیان شکاندوو مەلا بەختیار بوو کە تەوەقعی ئەوەی نەدەکرد، ئەو هیزە هاوپەیمانانەیان ئاوایان لەگەل بکەن و پەشیمان ببنەوە لە بەلێنەکانیان!! ئەو هێزانە بە ئەمەریکاشەوە، نەک جێگای ئەوەنیە کە چاوەڕوانیان لێبکرێت و کارێک بکەن لە بەرژەوەندی خەلکی عێراق و کوردستان، بەڵکو پێویستە بە بنکەو بارگەیانەوە بکرینە دەرەوە لە دەسەلات لاببرێن، ئەگینا بە حوکمی بەعس دەوتریت سەد ڕەحمەت لە کفن دز.

بەڵام بەیاننامەکە بە هەلوێستێکی زۆر عەجایب پیمان دەلێت کە " بزوتنەوەی ریفراندۆم (دەرەوەی وولات) ئەو دەستورە ڕەتدەکاتەوە و پەسەندی ناکات" ئەم کوڕی باشانە دەلیی لە کۆمەڵگای بێئاگایاندا دەژین!! لە دەرەوەی وولات پەسەندی ناکەن ئەی ناووەی وولات چی و ئەوان چیدەلێن؟ تۆ بلیی "بانێک و دوو هەوا "لە هەلویستێکی ئاواوە نەهاتبێت؟! لایەنی کەم بریک ڕاستگۆیی پێویستە بۆ ئەوەی بەیاننامەیەکەی نامقدس بنوسیت، زەحمەت بکێشن و هەر بە جەماعەتی کوردستانیش بلێن کە ئاوا بلێن بەلام ئەوەی ناوەوە زەرەری تێدایە و دلی یەکێی و پارتی زویر دەبێت و موچەکەشیان کەم دەکرێتەوە، لەدنیای ئەمرۆشدا هەموو سیاسەت و ئامانجێک مل کەچە بۆ مووچە!! هەر لەدرێژەی ئەم هەلوێستە فریوکارانە و چەواشەکارانەیەدا پیمان دەلێن. . . " خوازیارین جەماوەری کوردستانیش هەلوێستی خۆیان لەو ڕووەوە دەربڕن. " بەراستی شەرم نیە، کۆمیتەی بالای بزوتنەوەیەک ئاوا بنوسێت. ئەم کۆمیتەی بالایە لەکاتێکدا کە کارەکانیان لە خزمەت یەکێتی و پارتی دابوو خێمەیان هەڵدا لەکاتی هەڵبژاردنە گالتەجارییەکەدا بۆ ئەوەی خەڵک بەم هۆیەوە بچێت بۆ دەنگ دان و کورسیەکانی یەکێی و پارتی پی زیاد بکەن، لەو کاتەدا بانگەوازی خەلکیان دەکردو وەرن بۆ دەنگدانی ریفراندۆم چونکە ژیانیان لەسەر ئەوەبوو، ئەوکات بۆ خوازیار نەبون کە جەماوەری کوردستان خۆیان هەلوێست دەربڕن؟ بەڵکو ڕاپیچیان کردن بەناوی خیمەکانی ریفراندۆمەوە!! لەوەش عاجبایەتیتر ئەوەیە کە لە کۆتایی بەیاننامەکەدا بۆمان دەنوسن و دەلێن کە " بزوتنەوەمان ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە هەمیشە و لە هەموو بوارێکدا فاکتەرێکی پۆزەتیڤ دەبێت بۆ سەقامگیر کردنی گیانی تەبایی و ئاشتی چەسپاندنی بیروباوەرە دیموکراسییە هاوچەرخەکان لە کوردستاندا. . . " بەکورتی مانای ئەوەیە کاتی پشوو دانە و هیچ نابێت بکەین لە پیناو چەسپاندنی گیانی تەبایی و ئاشتیدا. . . چ کۆمیتەی بالایەکە کە لەپێناو ئەوەی یەکێتی و پارتی زویر نەبن و لەم ڕوانگەیەشەوە تەبایی و ئاشتی دابین بکەن، ئەوان تاقەتی تیکدانی ئەو تەبایی و ئاشتییەیان نابێت. . . ئاوبێنە و دەست بشۆ، تاکو دیداریکی تری بزوتنەوەی ریفراندۆم، تاکو ئەوەی کە یەکێی و پارتی دەکەونەوە ژێر فشاری هێزە ئیسلامی و عروبچی و ئەمەریکیەکانەوە. ئەم کارە نامقدسە، تەنها بە پالەوانانی بزوتنەوەی ریفراندۆم دەکرێت و پیرۆز بیت لێیان. بەلام ئەمجارە دورنیە خەلکی کوردستان تەماتە بارانیان بکات و ڕووی کۆرگێران و بانگەوازیان نەمێنێت.

# ڕێگریەکانی بەردەم ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەکوردستان

زمناکۆ عزیز
zmnaco@yahoo.co.uk

ڕیفراندۆم یان ڕاپرسی ئەوشێوازەیە کە لەدنیای ئەمڕۆدا بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو کێشانەی کە بگرەوبەردەی لەسەرەو حکومەتەکان بەتەنیا ناتوانن لەسەریان ببڕێنەوە، پەنا ئەبرێت بۆ خەڵکی ئەو جێگایە کەخۆیان بڕیار بدەن، ئیتر ئەو بڕیارەی خەڵك ئەبێتە بڕیاری کۆتایی‌و دوای ئەوەهیچ چەندو چۆنێك فبوڵناکرێت. وەك ئەوە ڕیفراندۆمەی کە لە تەیموری ڕۆژهەڵات لەئەندەنوسیا لە پێنح ساڵی ڕابردوودا بووە هۆی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی تەیموری ڕۆژهەڵات. یان ڕیفراندۆمی خەڵکی موقاتەعەی کیوبك لە کەنەدا کە بڕیاریاندا لەچوار چێوەی وڵاتی کەنەدادا بمێننەوە، یان ئەو ڕیفراندۆمانەی کە لەدەوڵەتانی ئەوروپی لە حەوت هەشت ساڵی ڕابردوودا سەبارەت بەگۆڕینی دراوی وڵاتەکانیان بە یۆرۆ، وە بڕیاریشە پاش پێنج ساڵی‌تر لەباشوری سودان هەمان پرۆسە ئەنجام بدرێت بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنوسی دانیشتوانی باشووری ئەو وڵاتە، لە سەحرای غەربیش بڕیارە هەمان پرۆسە ئەمجام بدرێت‌و ئەمساڵیش لەفەرەنساو هۆڵەندا سەبارەت بەدەستوری ئەوروپا هەمان کار ئەنجامدرا،..........هتد. هیچ یەکێك لەو جێگایانەی کە ئەم پرۆسەی ڕیفراندۆمەی تیا ئەنجام دراوە، هەروا بەئاسانی دەرگای ڕیفراندۆم‌و وەرگرتنی ڕای خەڵك لەخۆڕا نەخراوەتەسەر پشت، بەڵکو ئاکامی خەبات‌و تێکۆشانی خەڵکی ئەوجێگایانە بووەو لەزۆر جێگاش ئەو خەباتە چەندین ساڵی خایاندوە تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە ڕای گشتی بۆ ئەو کارە ڕێکخراو بکات.

بەڵام لەکوردستانی عێراق بۆچی تائێستا ئەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەی ڕیفراندۆم نەهاتۆتەبوون(جگە لەم ساڵانەی داویی)؟ بۆچی لەو هەموو هەڵبەزودابەزانەی خەباتی خەڵکی کوردستاندا بەدرێژایی هەشتا ساڵی ڕابردوو شاهیدی هیچ هەوڵێك بۆ بەعەمەلیکردنەوەی ئەم خواستەنەبووین؟ ئایا خەڵکی کوردستان خوازیاری جیابوونەوەی کوردستان نەبوون یان لەناو بزوتنەوەی کوردایەتی ئەم خواستە زیندەبەچاڵ کراوەو ڕێگەی سەردەرهێنانی نەبووە؟ ئەگەر خواستە جیابوونەوە بەدرێژایی حاکمیەتی حکوموتە یەك لەدواکانی عێراق، خواستێکی ڕیشەدار بووە لەناو خەباتی خەڵکی کوردستاندا، هۆیەکانی ڕێگری بۆ بەردەم ئەم خواستە لەلایەن بزوتنەوەی کوردایەتییەوە چی بووە؟ ئایا پاساوەکانی سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی بۆ سوێندخواردن بەیەکپارچەیی عێراق لەخزمەتی دوژمناندا بووە یان بەقازانجی خەڵکی کوردستان؟ ئایا ئەگەر شتێك ئەمریکاو ئێران‌و تورکیا لەسەری ڕازی نەبن ئیتر نابێت‌و بقەیە کەس باسی بکات؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانەو زۆرێك لە نارۆشنی تر باکەمێك بیر بکەینەوە، هەریەکەمان مێژوویەکی زیندووی نەنوسراو کە هەمومان لەگەڵی ژیاوین بکەینە مەحەکی هەڵسەنگاندنمان بۆ بزوتنەوەی کوردایەتی‌و لەجێگەی شیاوی خۆی داینێین. ئەگەر هەنگاوەکانی ئەم بزووتنەوەیەو سیاسەت‌و تاکتیك‌و ستراتیژێك کە پەریڕەوی لێکردوە بەقازانجمان بووە، با ڕیشمان هەر مشتیاندا بێت، ئەگەر وانەبووە با خواستی دانەدەستی ڕابەرایەتی خەڵکی کوردستان بۆ دەستێکی پاك‌و دڵسۆز بکەینە دروشمە ئەم دەورەیەو چیتر نەبینە داردەست‌و پرد بۆ پەڕینەوەی کەسانیترو خەڵکیش هەر لەژێر پێدا بمێنێتەوە.

## ڕیفراندۆم و مێژووی بزووتنەوەی کوردایەتی

لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لەساڵی ١٩٢٠، وەلەبەر نفوزی بەهێزی عوسمانیەکان لەناو سەرانی باڵادەست لەکوردستان، سەرباری شکستە یەك لەدوایەکەکانی دەوڵەتی عوسمانی، سەرەنجام مەسەلەی ویلایەتی موسڵ بووە خاڵی ناکۆکی لەنێوان هاوپەیمانەکانی ئەوکاتەو دەوڵەتی شکستخواردوی عوسمانی، بۆیە تواناییەکانی هەرکام لەسکشت هواردوەکانی جەنگ‌و تەنانەت سەرکەوتوانی جەنگیش ئەوە نەبوو کە دەرگای جەبهەیەکی نوێ بکەنەوە، بۆیە باسی ڕیفراندۆم هێنرایە کایەوەو ویسترا لەم ڕێگەیەوە چارەنوسی ویلایەتی موسڵ دیاری بکرێت، بەوەی کە بۆ عێراقە یان بچێتەسەر سنوری تورکیا. ئەمە یەکەمین جارو دوایینجاریش بووە کە سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی باسیان لەڕیفراندرم کردوە، ئەویش وەك ئیشارەمان پێکرد بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد نەبووە، بەڵکو بۆ چارەسەری کێشەی ویلایەتی موسڵ بووە*، هەربۆیە سەرانی کورد و هەموو ئەوانەیشی کە ئەو ئیدعایە ئەکەن کە پێش چەندین ساڵ سەرانی کورد خواستی ڕیفراندۆمیان بووە، ئیدعاکەیان پوچەو هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی ئەو قسەیان بۆ پشت ڕاست ناکاتەوە.

لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقدا سەرانی بزووتنەوەی کوردایەتی بەدەست ئاغاکان‌و شێخ‌و سەرۆك خێڵەکانەوە بووەو ئەوانیتر جگە لەوەی کەرەستەی خاوی جەنگ‌و سوتەمەنی شەڕەکان هیچیتر نەبوون، وەتائێستاش ئەو عەقڵیەتە هەرکاردەکات‌و زیاتر لە هەشتا ساڵە جڵەوی خەڵکی کوردستان بەدەست سەرۆك خێڵ‌و سەرۆك عەشیرەت‌و شێخەکانی کوردستانەوەیە، بەپێی بەرژەوەندی‌و خواستەکانی خۆیان سەدان جەنگی خوێناویان بەرپاکردوەو خەڵکی کوردستانیان کردۆتە سوتەمەنی، پاشان لەڕێگەی بەندوبەستێکەوەو خۆیان ڕۆیشتون لەگەڵ مەرکەز دانوسانیان کردوە ورێککەوتن. شێخ مەحمودی حەفید کە دیارترینی شێخەکانی ئەوسەردەمەی کوردستان، لەدواین ڕێکەوتنەکانی لەگەڵ ئینگلیزدا تەنها داوای ئەو لە ئینگلیزەکان ئەوەبووە کە" مولکەکانی سلێمانی لەسەر تاپۆ بکەن‌و شێخ بابە علی بۆ بگەیەننە بەریتانیا" ئیتر داستانەکانی بەردەقارەمان‌و نوسراوەکانی ناو ئەشکەوتەکان ئەرزشی پولێکی قەڵبی نەبووە، بەکوشتدانی هەزاران کەسی بێتاوان کەتەنها خواستیان ئەوەبووە کە بە ئازادی‌و مافی یەکسانەوە لەگەڵ باقی دانیشتواندا بایی تاپۆی زەویەکانی سلێمانی‌و سەفەرەکەی شێخ بابە عەلی نەبوو.

لە ١٩٧٠ دوای بەیانی ١١ی ئازار سەرانی کورد ئامادەن چوار ساڵ مۆڵەت بدەنە حکومەتی ناوەندی بۆ ئەوەی بگەنە خواستەکانی خۆیان و دڵسۆزیان بۆیەکپارچەیی خاکی عێراق، سەرەنجام ئەوەهات بەسەر خەڵکی کوردستاندا کە هات. ئێستاش پەڵەیەکەو لەهەموو دەورانێکدا ئەدرێتەوە بە چاوی پارتیدا، کە لەڕاستیدا ئاشبەتاڵ‌و شکستی ناسیونالیزمی کوردە.

لە دوای ئەو ئاشبەتاڵەوە چەندینجار لەسەر قیادەی ئەو بزووتنەوەیە شەڕ لەشاخ کراوەو خەڵك کراوەتە سووتەمەنی، بۆئەوەی بەتەنها لایەنێك بێت‌و بچێت لەبەغدا مفاوەزات بکات، ١٩٨٣ کاتێك کە شەپۆلی نارەزایەتیەکانی خەڵك جۆشی ئەدا، سەرانی یەکێتی کەوتنە بەرامبەری خەڵك‌و دوژمنایەتی خۆیان بۆ ئەو ناڕەزایەتی‌و خۆپیشاندانانە نیشانداو ملی ڕێی بەغدایان گرتەبەرو چوونەوە لای دڕندەکانی بەعس بۆئەوەی کە سەهمیەتێکیان بدەنێ لەحاکمیەت. دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ و کۆڕەوی ملیۆنی خەڵکی کوردستان کە تەواوی خەڵکی دنیا هاتبوە پشت خواستەکانی خەڵکی کوردستان، ئەمان سنورەکانیان جێهێشت‌و بەرەوبەغدا ڕۆیشتن‌و کەوتنە ماچکردن‌و لێسانەوەی ملودەستی سەددامی دکتاتۆر، تەنها بەخاتری شەریکبوون لەحاکمیەتی حکومەتی مەرکەزی پشتیان کردە هەموو گیانبەختکردوانی ڕاپەڕین‌و قوربانیەکانی کۆڕەملیۆنیەکەی خەڵکی کوردستان.

لەساڵانی سەرگەردانی کوردستانیش تا دوا ساتەکانی ڕووخانی بەعس، بەهەموو شێوەیەك بەریان گرتوە بەو خواستانەی کە باسیان لەجیابوونەوەی کوردستانیان کردوەو بە چەك‌و ئاگر وەڵامی ئەم خواستەیان داوەتەوە، چونکە ئەوان هەرگیز خەباتکاری ڕێگای لابردنی ستەمی میللی نەبوون‌و لەدژی ئەم ستەمە هەرگیز وورتەیەکیشیان لێوەنەهاتوە. بەڵکو بەدرێژایی ئەو ماوەیە ئامادەی سازش‌و بەندوبەست بوون لەگەڵ حکومەتی بەعس بۆ شەریکبوونەوەیان لەگەڵ حکومەت لەمەرکەز. دوایین نامەی هاوبەشی یەکێتی‌و پارتی پێش چەند مانگێك لەرووخانی ڕژێمی بەعس کەتیایدا بە"سەرۆکی بەڕێزی عێراق ناویان برد" یەکێکیترە لەو بەڵگانەی کە ئەوە ئەمان بوون هەمیشە ئامادەی مفاوەزات‌و بەندوبەستبوون لەگەڵ سەددامی دکتاتۆر، بەڵام ئەوە سەددام‌و ڕژێمەکەی بووە کە ئەمانی قبوڵ نەکردووەو وەڵامیش پێنەداونەتەوە.

بۆیە تائەم بزووتنەوەیە ڕابەرایەتی خەڵکی کوردستان بکات‌و بەناوی خەڵکەوە بتوانێ لێدوان‌و بەندوبەست لەپشت سەری خەڵکەوە بکات، ئایندەی کوردستان هەمیشە بەرەو خراپتروخراپتربوون ئەڕوات.

## سەبارەت بەواقیعیبوون و واقیعنەبوونی خواستی ڕیفراندۆم

هەمیشە سەرانی بزووتنەوەی کوردایەتی بۆ وەستانەوە بە خواستی خەڵکی کوردستان بۆ جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، پاساوی جۆراوجۆریان هێناوەتەوەو هەوڵیانداوە کە خەڵك بەو پاساوە ڕازی بکەن‌و فریوی قسەکانیان بخۆن، پاساوەکانیان ئەوە بووە کە ئەڵێن ئەم خواست‌و داوایە لەئێستادا واقعی نیەو دەوڵەتانی دراوسێ لەئەگەری دەستبردن بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم‌و جیابوونەوەی کوردستان ڕازی نابن‌و هێرش ئەکەنە سەرمان، "ئەزمون"ەکەی ئێستاش ئەشێوێت‌و ئەوەیشی کەبەدەست هاتووە لە "کن فیکن"ێکدا بەهەوادا ئەچێت.

بەڵام تاچەند ئەم قسانەی ئەوان واقعییە؟ واقعی بوون چ مانایەکی هەیە لەقاموسەکەی ئەواندا؟ ئایا شەڕی ناوخۆ کوشتنی زیاتر لە ٥٠٠٠کەس لەشەرگەکاندیاندا واقعییە؟ کوشتنی زیاتر لە ١٠٠٠٠ ژن لەسایەی حاکمیەتی ئەواندا واقعییە؟ دەستگرتنی سوپای ئێران‌و تورکیاو بەعس‌و ئەمریکاو هێنانیان بۆسەر خەڵکی وڵاتەکەی خۆت واقعییە؟ کارێکی واقعی بوو کە زۆربەی مەلەفە ئاشکرا بووەکانی بەعسی‌و مخابەرات سەرانی ئەم حزبە ناسیونالیستانەبوون؟ ئەوە کام واقعیەتە کە خەڵکی کوردستان تامەزرۆی کارەباو ئاو نەوت‌و کاروخزمەتگوزارییەکان بن، خۆشیان ژیانیان لە شێخەکانی خەلیج خۆشترە؟ ...........؟ ئیتر واقعی بوون‌و نەبوون چ مانایەکی هەیە؟

بەڵێ خواستی جیابوونەوەی کوردستان هێندە واقعییە لێیدەرژێت، چونکە بەرگری لێبکات، وە دوژمنەکانیشمان هیچ کاتێك هێندەی ئێستا لاوازو لەرزۆك نەبوون، کێشە ناوخۆیەکانی خۆیان نەرێگەیان پێئەدات لەئێستادا بیر لە جەنگ لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا بکەنەوە، وەنە ڕای گشتی دنیا ڕێگای ملهوڕی لەم شێوەیە ئەدات. تورکیا بۆ قبوڵبوونی خۆی لە یەکێتی ئەوروپاو ئابووری داتەپەیویشی هەرگیز ڕێگای ئەم جۆرە ڕیسکەی پێئەدات، وە ئێرانیش ئێستا مانەوەی خۆی لەلایەن ئازادیهوازانی ئێرانەوە خراوەتە ژێر مەنگەنەوەو مەسەلەی مانەوەی جمهوری ئیسلامی ئێران تەنها مەسەلەی کاتەو ئێران تەوایکردوە، سوریاش جارێ لەژێر فشارە نێودەوڵەتی‌دا مەعلوم نییە کەدەربازی ئەبێت یان نا، هەرچی ئەمریکاشە کە ئێستا ئیتر وەك دەورتنی دوای ١١ی سێپتامبەر ڕەفتار ناکات‌و ئەو جێگەو ڕێگەیەی ئەودەرەیەی نەماوە.

بۆیە تەنها ڕێگری بەردەم جیابوونەوەی کوردستان بەغەیری ناسیونالیزمی عەرەب‌و شۆڤێنیزمێکی وەحشیانە، ناسیونالیزمی کوردە. خەڵك بەجیاکردنەوەی ڕیزەکانی خۆیان لەو بزوتنەوەیە ئەو ئایندە پرشندارە مسۆگەر دەکات.

*** لە نوسراوەکانی مێژوونوسان(کمال مەزهەر، علی وەردی، یادگارییەکانی ئەفسەرە بەریتانیەکان،..............) وەچەندین مێژوو نوسیتری عێراقی‌و عەرەبی‌و بیانی چەندین جار ئەم ڕاستیە لەنوسراوەکانیاندا دووبارە بووەتەوە.**

# چاوپێکەوتنی ڕاپرسی لەگەڵ(مامۆستا عەباس علی قادر) یەکێك لە ڕێخەرانی خۆپیشاندانی کەلارو نوێنەری خەڵکی کەلار لای دەسەڵاتدارانی ئەو شارە

ئامادەکردنی: ئازاد کەرکوکی



ڕاپرسی: ئەگەر بکرێت تازەترین هەواڵی ئاکامەکانی خۆپیشاندانەکەو لایەنەنادیارەکانی ئەو ناڕەزایەتیانە بۆ هوێنەرانی ڕاپرسی باس بکەیت.

م.عباس: هەروەك هەموو لایەك ئاگادارن کەبانگەوازی ئەو ڕێپێوانە لەلایەن دەستەی بەمەدەنێکردنی کەلارو کۆمەڵەی گۆڕانەوە بوو، ئێمە ئامانجی سەرەکیمان بریتی بوو لەو خواستانەی کە لەیاداشتنامەیەکدا خستمانە بەردەم قائمقام‌و ئیدارەی کەلار، بەڵام گوێپێنەدانی ئەو ئیدارەیە بەو خواستانەو بەداواکاری زیاتر لە ٣٠٠٠کەس کە لەبەردەم بارەگای قائمقامیەتی کەلار ولەبەر هەتاوی گەرمی گەرمیان کۆبووبوونەوە، وایکرد کە لەلایەك چەکدارەکان هاندران کە بکەونە ئیستفزازی خەڵك‌و بە هەڕەشەو چاوسوورکردنەوە خەڵکیان هەراسان کرد، لەلایەکیتریش ڕازینەبوونی قائمقام کەبێت‌و قسە بۆ خەڵکەکەبکات، وایکرد ڕق‌و بێزاری پەرەبسێنێت‌و ئەو ئاکامەی لێکەوتەوە کە ئاگادارن. یەکێك لەبرینداەکان قاچیان بڕیوەتەوەو یەکێکیتریشیان گوللە بەرسنگی کەوتوە سەرباری ئەوەی کە حاڵەتەکەی باشتر بووە، بەڵام لەخەم نەرەخساوە، وەتائێستاش چوار کەس لەگیراوەکان لەزینداندان‌و ناهێڵرێت کەس سەردانیان بکات، کوایا تاوانەکەی ئەم دەستبەسەرانە ئەوەیە کە تاونبارکراون لەبردنی شتومەکی دزراوی بەڕێوەبەرایەتیەکان.

هەر لەدرێژەی قسەکانیدا م.عەباس دەڵێت: بۆ فشار هێنان‌و بێزار کردنی نوێنەرەکان چەدین شێوازی نادروست‌و ناشیاو بەکار براون، لەوانە لێدانی (ڕێبین تەها) تا ئاستی دڕاندنی جلەکانی لەبەریداو دەستگیرکردنی برایەکی (بەرزان فەرەج)و پاش چەند سەعات ئازادکردنی، وە درۆنامەیەکی یاسایش لەبەرامبەر خۆم لەڕۆژی ١٢ی ئەیلول درابوو بە دادگا، کە لەلایەن (عەتا ساڵح حەسەن) ڕاوێژکاری یاسایی شارەوانی کەلار تۆمار کرابوو، گوایا من لەکاتی خۆپیشاندانەکاندا لە ناوبراون دابییێت، بەڵام لەبەر پوچی داواکە لەلایەن دادوەرەوە ئازاد کرام.

وەسەبارەت بە کاری ئایندەیان، دەڵێت: ئێمە بەنیازی بەستنی کۆڕێکی جەماوەرین بۆ قسەکردن لەسەر ئەو دیاردانەی کە لەوێ ڕوویاندا، بەتایبەت مەسەلەی تەقەکردن لەهاوڵاتیانی بێچەك، وەخواستی دادگایە ئەوانەی کە تەقەیان کردوە.

# ڕاپەڕینی خەڵکی کەلار نمونەیەک لە نەفرەتی خەڵکی کوردستان بەرامبەر ناسیونالیزمی کورد

ئەحمەد عەلی

لەماوەی ١٤ ساڵی دەسەڵاتی حیزبە کوردیەکان ،خەڵکی کوردستان لێواولێو بون لە ستەم و چەسانەوەوبێمافی،کەم شەقامی کوردستان هەیە شاهیدی کوشتنی خەڵکی ناڕازی و ئازادیخواز و مەحروم نەبێ،بە دەستی تفەنگچی و پاسەوان و ژەندرمەکانی یەکێتی و پارتی ، ٦ ساڵ پێش ئێستا و هەر لەم ڕۆژەدا( ئەحمەد نەجمەدین)کە ئاوارەیەکی کوڵەجۆ بوو،لە سەر ئەوەی ڕێگەی جەندرمەکانی یەکێتیان نەدا محاویلەی کارەباکەیان ببەن ،هەر لە کەلار بە دەستی ئاسایشی یەکێتی کوژرا،خەڵکیش پەلاماری ئۆتۆمبیلی قایمقامی ئەو کاتەیان داو سوتاندیان، مانگی ١٢ی١٩٩٥خەڵکی کەلار وەک ئێستا شەقامەکانیان خرۆشان و هاواریان کرد ...داهاتی نەوت بەرامبەر خۆراک عادیلانە دابەشکەن بە سەرماندا، بەڵام ئەوان خەڵکیان گولە باران کردو (ئەنوەر حەمەڕەزایان) کوشت،١٩٩١ هەر ئەو خەڵکە بەرەی کوردستانیان پیچایەوەو چەکەکانیان لێ سەندن، ئەمڕۆش ٧/٩/٢٠٠٥ دیسانەوە چەکدارەکانی یەکێتی شاقامەکانی کەلاریان خەڵتانی خوێن کرد، زیاتر لە ٨ کەسیان بریندار کردووەو چەندکەسێکیان برینەکانیان سەختەو ڕەوانەی سلێمانی کراونو دەنگی ئەوە هەیە کەسێکیان گیانی لە دەستدابێ، ئەوانەی ئەمڕۆ هاتنە سەر شەقامو حکومەتەکەی یەکێتی بە هاواری ئەوان دەلەرزی خەڵکێک بوون داوایەکی سادە سادەیان هەبوو، ئەوان هەر دەیانویست لەم گەرمای هاوینەدا ئاویان هەبێ، کارەبایان هەبێ... بەڵام دیموکراتیەکەی یەکێتی وەک هەمیشەبەرگەی نەگرت و..............، ئەم مێژوە ڕەشە هەر ئەوان ئەتوانن تۆماری بکەن و حەقیقەتێکی پێ بسەلمێنن، ئەویش دوژمنایەتی سەرسەختی ئەوان بەرامبەر خەڵک، لە ئێستایە کە سەرجەم خەڵک تینوی ئاڵوگۆڕە بەشێوەی جۆراوجۆر ئەم ئارەزوە نیشان دەدەن ، ئەوەی کە ئەم بزوتنەوەی جەماوەریە بە دواوەیەتی تەحقیق بونی کۆمەڵێ داخوازیو جاکسازیە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، نیشاندانی هەموو ئەم بزوتنەوە ناڕەزایەتیانە بە کۆمەڵێ ئینسانی ئاژاوەگێڕ و تێکدەرلە دەزگاکانی ڕاگەیاندنیانەوە بۆ شانخاڵی کردنەوەی خۆیان لە تاوانەکانیان بۆ هیچ کەس جێی باوەڕ نیە................ سەرکەوێ ئیرادەی خەڵکی کوردستان، نەفرەت لە دەسەڵاتی سەرکوت و ئینسانکوژ.

# دەربارەی خەبات لەدژی دین

## چاوپێکەوتنی رادیۆ (انترناسیونال) لەگەل مەنسور حکمەت

گفتوگۆیەکی رادیۆییە لەسایتی مەنسور حکمەت

/http://hekmat.public-archive.net ەوە وەرگیراوە

**و: محمد غفور**

**بەشی یەکەم**

**ئازەر ماجدی: مەنسور حکمەت، تۆ بەشداری میزگەردیکی وەرزنامەی (پرسش)ت کردووە بەناوی (بالاکردن وئاوابوونی ئیسلامی سیاسی). مەسائلی زور هەیە لەم چاوپیکەوتنەدا کەپیمان باش بوو لەبارەیانەوە لەگەلتاندا گفتوگۆبکەین. بەهۆی کەمیی کاتەوە ئەمانەوی لەبارەی چەند لایەنیکی ئەم مەسەلانەوە پرسیارت لیبکەین. یەکیک لەو مەسەلانە کەئیوە تەرحتانکردووە، ووتووتانە، کەسکۆلاریزم کۆمەلیک هەلومەرجی لانی کەمە. وەلەدریژەیدا دەلین، کەئیوە بەتەنها خوازیاری سکۆلاریزم نین، بەلکو لایەنگری خەباتیکی هوشیارانەی کۆمەلگان لەبەرامبەر دیندا. ئەمانەوی بۆمان باسبکەن کەپیکهاتەکان وتایبەتمەندییەکانی ئەم خەباتە کامانەن؟**

مەنسور حکمەت: کاتیک لەپەیوەند بەدین، وەبەتایبەتی دەربارەی ئیسلام لەم دەورەیەدا قسەدەکەین، دەبی لەبەرچاومانبی کەمەزهەب دیاردەیەکە ئەکری نیشانبدری، کەمایەی مەشەقات وکویرەوەرییە بۆ ئینسان. مایەی ئیستیبدادە، مایەی بی حورمەتییە. مایەی تەحقیری ئینسانەکانە. بەمپێیە ئیمە لەگەل یەک دیاردە وەلەگەل یەک مەسەلە بەرەورووەبینەوە کەدەبی لەسەر شانمان سووکیکەین. هەروەکو چۆن بۆ نموونە، ئیوە ئالوودەبوون بەماددەسرکەرەکان تەنها بەئەمر ومەسەلەی شەخی ئینسان دانانین، وەهەولەدەن بۆئەوەی ئەم ئالوودەبوونە لەناوبچآ، تەنانەت ئەگەر ئینسانەکان ریگەیان پێبدری کەئەو مادانەش بەکاربهێنن، هێشتا بەکەمیدەزانن وپێتانوایە دەبی کارێک بکری ئەم عادەتە بەتەواوی بەسەرسەری خەلکەوە لابچی. سەبارەت بەدینیش هەروایە. مەزهەبیش دیاردەیەکە، هەرچەند ئینسان ئازادە باوەری بەهەر شتیک هەبی، بەلام باوەربوون بەم کۆمەلە لەمەسەلەی سیاسی وفکری ومەدەنی کەپێیدەووتری دین ولەوانەش ئیسلام، هۆکاری بەدبەختی خەلک بووە. بەمپێیە وەکو هەر بەلایەک ئیمە لەبەرامبەریدا خەباتدەکەین.

بەبروای من ئەمەی کەدین وەکو ئەمر ومەسەلەی ئینسانەکانی لیبکری هێشتا کەمە. واتە کۆمەلگا دەبی کاریک بکات کەئیسلام لەناو بچی. زۆر بەرۆشنی بابلێم، دەبی کارێک بکەین کەئیسلام ئازادانە وبەشیوەیەکی ئیختیاریی لەلایەن خەلک خۆیەوە لەناوببری. بۆئەوەی خەلک چیتر ئەسیری دین نەبن، چیتر لەژیر کاریگەری مەزهەبدا نەمیننەوە، وەچیتر خەلک بەهۆیەوە سەرکوتنەکرین و مەشەقەت نەکیشن ولەناو خورافاتدا پەلوپۆنەکوتن. رێگای لەناوبردنی دین کامەیە؟ پەروەردە وفیرکردنی یەک دەولەتی ئازادە، کەدەرس و وانەی راستییە سیاسی وکۆمەلایەتی ومەدەنی ومیژوویی وبیۆلۆژیکی وفیزیکی وسروشتییەکان بەهاوولاتیانی خۆی فیردەکات. وەدەولەت کۆمەلە یاسایەکی مەدەنی دابریژی بۆ پاریزگاری لەهاوولاتیانی لەبەرامبەر دەستدریژی ناوەند وکارگەمەزهەبییەکان وپیشەسازی دیندا. بەبروای من دەبی دین وەکو پیشەسازی تووتن تەماشابکری. هەروەکو چۆن هەرکەس مەیلی خۆیەتی جگەرە بکیشی، بەلام دەبی کۆمەلە یاسایەک هەبن هەتا دامەزراوەکانی تووتن نەتوانن ئالوودەبوونی خەلک بەجگەرەکیشانەوە خراپ کەلکلێوەربگرن، ونەبنەهۆی لەرادەبەدەری نەخۆشی، وەدەستیان ئاوالا نەبێ کەمنالان وتازەلاوان رابکیشنە ناو ئالوودەبوون بەجگەرەکیشانەوە. سەرەنجام سەبارەت بەدینیش دەبی کۆمەلیک یاسای بەمجۆرە دابنری. واتە کۆمەلە یاسایەک کەریگانەدات پیشەسازی دینیی وەکو دوکانێکی مەزهەبی ژیانی خەلک خراپبکات. لەژیانی نەوەیەکدا ئەتوانرێ کاریک بکرێ کۆمەلگایەکی ئازادی وا بێتەئاراوە کەتیایدا دین وەکو نەخۆشی مەلاریا یاخود وەکو ئالوودەبوون بەمادەسرکەرەکان ریشەکێشکرابێ.

**ئازەر ماجدی: ئیوە سەبارەت بەسەنعەتە دینییەکان وپیشەسازی مەزهەب دووان، ودواتر چووانتان بەپیشەسازی تووتن. من ویستم بپرسم، مەبەستتان لەپیشەسازی دینیی وسەنعەتی مەزهەب چییە؟ ئایا ئەمە تەنها گالتەیەکە کەدین وەکو پیشەسازی تووتن سەیردەکەن؟**

مەنسور حکمەت: هەرگیز، هەرگیز، بەوجۆرەنییە. ئەلیم پیشەسازی، چونکە بریک کەس وابیردەکەنەوە کەدین عەقیدە و باوەری خەلکە. وانییە. ئایین پیشەسازییەکی تەواوە. خاوەنی هەیە، لەبەرژەوەندی ژمارەیەکدا ئەبیتەهۆی سەروەتی ماددی، وەدەسەلاتی سیاسی یەک تەیفی کۆمەلایەتی لەکۆمەلدا. لەخزمەتی یەک دەسەلاتداریتی سیاسیدایە لەکۆمەلگادا، واتە دەسەلاتداریتی چینایەتی ئەو کۆمەلگایە. مەزهەب پیشەسازییەکە. دەیان ملیارد دۆلار پارە تیایدا ئالوویر دەکرێ. پروپاگەندەی دینیی لەم پارەیە دابیندەکرێ. ئەم پارەیەش بەکلاولەسەرنان ولێسەندن و..تد، بۆ نموونە، لەئیران لەریگەی دەولەتەوە ئەم پارەیە لەگیرفانی خەلک دەردەهینرێ. یەک دام ودەزگای بلاوکردنەوەی درۆیە. درۆ بەسەر خەلکدا پەخشەکەنەوە. خەلک دەترسینن. لەم دنیایە بەتوندوتیژی خەلک دەترسینن،"لەودنیاش" بەسزادان. دین کتومت وەکو مافیا وایە. دامەزراوەی دینیی، چ مەسیحییەت، چ ئیسلام، چ یەهودییەت، یەک دامودەزگای گەورەی کۆمەلایەتین بەرلەوەی کۆمەلیک بیروباوەری فکری بن، کەلەسەر پێی خۆی وەستاوە وباج وەردەگرێ، پارەکۆدەکاتەوە، وەلەپیناوی مانەوەی خۆی وحاکمییەتی خۆیدا خەرجیدەکات. بەمپێیە پیشەسازییە دینییەکان دیاردەی زۆر زەبەللاحن لەجیهاندا. واتە پارەیەک کەبۆ ئیسلام یاخود بۆ کلیسای مەسیحییەت خەرجەکرێ، ئەگەر سەرنجبدەنێ، بەراورددەکرێ بەگەورەترین کۆمپانیای نیونەتەوەیی. بەراورددەکرێ بەبودجەی کەلەکەکراوی سەربازیی دەیان وولات لەسەریەک. کەواتە مەزهەب دەبێ وەکو یەک پیشەسازی تەماشابکرێ، کەهووشیارانە خەریکی فرۆشتنی بەرووبوومەکەیەتی، وخەریکە بازاری تایبەتبەخۆی پەیدادەکات. وەتێدەکۆشێ بەکاربەر بەخۆی ئالوودەبکات. کەواتە ئەگەر کۆمەلگایەک دەخوازێ خۆی ئازادبکات، دەبێ بەمجۆرە بروانێتە دین، وبەرەورووشی ببێتەوە. نەک وابیربکاتەوە کەمەزهەب کۆمەلێک عەقیدە وباوەربوونە بەکەری دەجال وشیوەن بۆ کەربەلا! دین یەک پیشەسازی عەزیمی فرێدانی خورافە وتۆقاندنی خەلک وملکەچپێکردن وبەتەسلیمکیشانی خەلکە لەبەرامبەر دەسەلاتی چینایەتی زالدا. وەئەگەر ئیوە کۆمەلگایەکی ئازادتان دەوێ، دەبێ پارە خەرجکەن، هیزتەرخانکەن، هیزی ئینسانیی ئامادەکەن، بۆئەوەی لەگەل ئەم دیاردەیەدا بەرەورووببنەوە. هەربەوجۆرەی کەبەرەورووی باندەکانی مادەبێهۆشکەرەکان دەبینەوە، یابەوشێوەیەی کەبەرەورووی کۆمپانیای (سوجو) دەبینەوە، کەدێن وخەلک دەدزن ودەفرینن ولەجیگای خۆیاندا ویرانەیەک بەجێدەهێلن، بەهەمانشێوەش دەبێ بەرەورووی پیشەسازی دینیی ببینەوە. بێگومان باوەری هەرکەسیش بۆ کەسەکە خۆی بەریزە ودەبێ ریگابدرێ هەرکەسێک بەهەرشتیک دەیەوێ باوەر وعەقیدەی هەبێ، وئازادبێ. بەلام ئەگەر لەسەر بنچینەی ئەم باوەرانەوە یەک دامودەزگای سیاسی وسەربازی وفەرهەنگی دابمەزرینرێ کەئامانجی بەستنەوە ولەقالبدانی خەلک بێ، ئیوە دەبێ بەهاوکاری خەلک، وەلەلایەن هاوولاتیانی کۆمەلگاوە بەرامبەری بوەستنەوە.

**ئازەر ماجدی: دواتر دیمەوەسەر ئەم خالەی کەلەدواییدا باستکرد. بەلام بەرلەوە ویستم رای ئیوە بزانم. لەوانەیە بریک کەس جمهوری ئیسلامی وەکو یەک دەولەت کەبەتەواوی دینییە، یاخود تەنانەت ڤاتیکانیش واسەیرکەن کەتۆ دەیلییت. بەلام ئایا دین ومەزهەب بۆنموونە لەئەوروپای رۆژئاواش کەلەبریک جیگایدا لەدەولەت جیایە ونەخشیکی ئەوتۆی نییە بەسەر ژیانی خەلکەوە، ئیوە هەربەوشیوەیە، واتە وەکو باندی مافیایی تەماشایدەکەن؟**

مەنسور حکمەت: سەرەتا بائەوە بلیم، ئەمەی کەلەئەوروپا لەو جیگایانەی کەدین هیچ نەخشێکی نییە، لەبەرئەوەیە ئەم شتانەی کەباسمکردن لەسەدەکانی رابردوودا لەبەرامبەریدا ئەنجامدراون. رۆشتوون سەروەت وئەموال ومەوقوفاتیان لیسەندۆتەوە. یاسایان داناوە کەریگانادات مەزهەب دەخالەتبکات لەپەروەردە وفیرکردندا. یاسا دانراوە کەریگای گرتووە لەدەخالەتی دین لەناو ئەحوالی مەدەنی خەلکدا. بەلام ئەوروپای ئەمرۆ نموونەیەکی باش نییە بۆئەوەی بزانرێ کەدین چییە. دەبێ سەدسالێ بگەرییەنەدواوە بۆئەوەی بزانین هەر ئەم دینە چی بەسەر خەلکدا هێناوە! هەرئیستا پاپا ناچاربووە داوای پۆزش بکات بەهۆی هاوکاریی کلیسای کاتۆلیکەوە لەگەل هتلەر ودامودەزگایەکی ئینسانسووتاندنەوە کەهەیبوو. لەزۆر جیگا نموونە هەیە. هەرئیستا لەئیرلەندەی سەروو پرۆتستانتەکان بەردەرگای قوتابخانە سەرەتاییەکان دەگرن وخویندکارە کچۆلەکان بەردباراندەکەن. تەنانەت بۆمبەکانیان بەسەروچاویاندا دەتەقیننەوە، بەهۆی ئەوەوە کەئەوان کاتۆلیکن وئەمان پرۆتستانتن. دەبێ رووداوەکانی یۆگۆسلاڤیا وئەو کیشمەکیشانەی کەلەوێ هەن تەماشابکرێ. دەبێ سەیری شیشان بکرێ، ئەفغانستان سەرنج بدرێ. بەبروای من دین بەشیوەیەکی گشتی نەخشی هەیە. لەهەندێ جیگا خەلک گوێی دینیان گرتووە ولەسەر جێی خۆی دایانناوەتەوە، وەئەو جیگایانە حالەتی شارستانیی ومەدەنییان بەخۆیانەوە گرتووە. بەلام هیشتا وەکو هیزیکی زەخیرە ویەدەک لەوێ مەوجودن. من پەرلەمانی کلیسای مەسیحییەتیش لەئەوروپای رۆژئاوادا ریک هەر لەم چوارچیوەیەدا دائەنیم. بەلام هەرئیستا ئەو نەخش وئەو بازارگەرمییەی کەئیسلام هەیەتی بۆنموونە لەئیران وئەفغانستاندا وخەریکی ئیسان کوشتنە، مەسیحییەت نییەتی لەئەوروپای رۆژئاوادا. بەلام نەخشی هەیە لەسەرکوتی ژناندا، نەخشی هەیە لەکپکردنەوەی بیروباوەری ئازادیخوازانەدا. لەبەرگرتن بەنوآبوونەوەدا دەوردەبینآ. وەهیشتاش هەر دەستی لەگیرفانی خەلکدایە. تائیستاش کلیسا بەتووندی دەستی لەگیرفانی خەلکدایە، وەسەرچاوە وداهاتیک کەدەبێ بۆ خۆشبەختی ئینسانەکان خەرجبکرێ، دەیگێرنەوە وخەرجی دەکەن بۆ بلاوکردنەوەی خورافات لەناو خەلکدا. زەرەروزیانی مەسیحییەت بەورادەیە ئاشکرا وبینراونییە کەهی ئیسلام لەئیران وئەفغانستان وعەرەبستانی سعودیدا هەیەتی ودیارە. بەلام بەئامار وبەژمارە ئەتوانرێ نیشانبدرێ کەکلیسا چ نەخشێکی هەیە. لەهەندێ جێگا کلیسا لەدژی دەولەتە ئیستیبدادییەکان وەرچەرخاوە. بۆنموونە لەئەمریکای لاتیندا. بەلام ئەوە کلیسانییە کەوەرچەرخاوە. ئەوە ئەو کلیسایەیە کەدەبینێ خەلک مەیلیان بەلای چەپداهەیە، وەلەپیناوی پاریزگاری لەرەونەقی خۆیدا ناچاربووە لەهاوشانی خەلکدا برواتەرێوە. بەلام هەرکاتێ سەربکیشیتە ناو هەر ناوەندیکی جددی کۆمەلایەتییەوە، ئیسلام ودینەکان لەکەناری چینەداراکانەوە دەبینی، کەخەریکن خەتیان پێدەدەن وئاراستەیان دەکەن بۆ سەرکوت ولەقالبدانی کۆمەلایەتی.

---

# ئەمریکا دوای تۆفانی کاترینا

**زمناکۆ عزیز**

له لافاو گەردەلولێکی سروشتیدا، ئاماره سەرەتاییەکان دەلێن دەیان هەزار کەس لەویلایەتە یەککگرتوەکانی ئەمریکا گیانیان لەدەستداوەو بەهەزارانیش تائێستا بێ سەرو شوێنن، سەدان هەزاری تریش ئاوارەو دەربەدەربوون، وە زیانەمالیەکانی ئەو کارەساتە سروشتییە بە سەدان ملیار قەبلێندرا، سەرانی ئەمریکاش لەبەر گەورەیی کارەساتەکە پەیتاپەیتا ئەچنە شوێنەجیاجیاکانی کارەساتەکەو لەبەردەم کامێرای کەنالەکاندا خۆیان ئەنوێنن، گوایا بەخەمی هاولاتیانی بێگوناهەوەن و لەهەولی کەمکردنەوەی زیانەکانن. هەر بۆئەم مەبەستەش زیاتر لە ٥٠ هەزار سەربازیان خستۆتە حالەتی ئامادەباشییەوەو فەزای عسکەرتاری بەسەر ئەو جێگایانەدا سەپێندراوە، ئەویش بەبیانووی بەرگرتن بەتالان‌و برۆ، کە لەڕاستیدا بۆ بەرگرتنە بەڕق‌وبێزاری‌و تورەیی‌و ئەگەری ڕاپەڕینی ڕەشپێستەکان، کە بە نائینسانیترین شێوە ڕەفتاریان لەگەلکراوە. وە سەرانی ئەو ولاتەو ناوەندە ڕەسمیەکانیان بانگەوازی دەولەتانی جیهان ئەکەن کە فریای قوربانیەکان بکەون‌و کۆمەك‌و هاوکارییەکانیان بگەیەننە جێگەی ڕووداوەکە، کە نە خودی دەولەت‌و نە میدیای نۆکەری لە cnn‌و bbcلا‌و ...هتد، نەیانتوانی ئەو تەمیزی ڕەگەزپەرستیەی کە لەلایەن خودی دەولەتەوە پیادەئەکرێت بشارنەوەو زۆرێك لەڕەشپێستەکانی ئەو ولاتە باس لەو جیاکاری‌و نابەرابەرییە ئەکەن کە لەبەرامبەریان ئەنجامدراوە، هەربۆیە کۆندالیزا ڕایسی ڕەشپێست و وەزیری دەرەوە، بەخێرایی هێنرایە سەر شاشەکان بۆ داکۆکیکردن لە سیاسەت‌و کردەوەکانی حکومەتی ولاتەکەی‌و شاردنەوەی ئەو قەباحەتەی کە لەبەرچاوی خەلکی جیهاندا لەبەرامبەر ئەو منال ئینسانە ڕەشپێستانە ئەنجامدرا.

دەولەتی ئەمریکا کە بەهەزاران ملیاردۆلار خەرجی تەرەسانە عەسکەرییەکەیەتی‌و بە ڕێژەی زۆرلەوە گەورەتر لەداهاتی ئەو ولاتە ئەکاتە خەرجی وێران کردن‌و کاولکردنی دەولەتانی جیهان، بەلام ناتوانێت‌و لەبەرنامەیدا نییە کە ڕێوشوێنێك بگرێتەبەر بۆ کەمکردنەوەی قوربانیانی کارەساتە سروشتییەکانی ولاتەکەی خۆی، هەرلەمبارەیەوە سەبارەت بە قەبارەی ئەو لافاوە گەورەیە ناوەندە ئەندازیارییەکان دەلێن کە بەدروستکردنی پێشوەختی تەنها پێنج بەنداو(سدّ)، چەند بەرابەر ئەو زیانەمرۆییانە کەمترئەکرانەوەو زیانەمالیەکانیش بەئەندازەی زۆر کەمتر ئەبوون، وە ناوەندەکانی کەشناسی دەلێن کە بە ئاگادار کردنەوەی خەلکی لەم کارەساتەی کە پێشوەخت ئەزانرا کە زیانەکانی بەم شێوەیە دەبوون، دەتوانرا بەربگیرێت بەم بەلا گەورەیەی کەدلی هەمو ئینسانێکی هەژاند. بەلام دەولەتی ئەمریکا دەستی بۆهەنگاوی لەمجۆرە نەبردوە چونکە لەهەردوو حالەتەکەدا بەپرسیارێتی خەرجکردنی ئەو بڕەگەورەیە لە پارە ئەکەوتە ئەستۆی خودی دەولەتی ئەمریکاوە، کە لەئێستادا ئەولەویەتی پاراستنی گیان‌و ژیانی خەلکی ولاتەکەی خۆیشی نیە، چجای ئینسانەکانی دنیا، کە ڕۆژانە فرمێسکی تیمساحییان بۆ دەرێژێت‌و بەئاگرو ئاسن بەردانەوەو لەژێر ناوی مافەکانی مرۆڤو سەرکوتی حکومەتەکانیان، بەسەدان هەزار کەس ئەکوژێت‌و شارەکانیان وێران ئەکات. مامەلەی ئەم هەلومەرجەش بۆ ئەمریکا بەوشێوەیەی کە پێویست بو بیکات، دەکاتە ئەوەی کە لە ململانێیدا لەگەل ڕکابەرەکانیدا کورت بهێنی‌و ستراتیژێك کە بۆ دنیا دایانڕشتوە نەچێتە پێشەوە، بەلام ئەو دەولەتە ئامادەیە چەند بەرابەری قوربانیەکانی کاتریناو ملیۆن



ملیۆن ئینسانی بێتاون بکاتە قوربانی سەرکەوتنی ستراتیژی خۆی لەجیهاندا.

بەلام کاترینا هەر هەموو هاوکێشە سیاسی‌و ئابورییەکانی ئەمریکا کە ئەو جێگەو ڕێگەیەی ئێستایان پێبەخشیوە، پێچەوانە ئەکاتەوە. ئەو هەلومەرجەی کە دوای ١١ی سپتامبەر بۆی ڕەخساو دەستی ئەمریکای والاکرد کە ملهوڕی سەربازی بکات لەجیهاندا، ئێستا کاترینا هەلیگێڕاوەتەوە. ناڕەزایەتیەکانی خەلکی ئەمریکاو جیهان لەبەرامبەر بێدەربەستی سەرانی ئەمریکا لە گیان‌و ژیانی ئینسانەکان، ڕەگەز پەرستی‌و ڕاسیزم‌و فاشیزمێکی نوێ، کە خودی سەرانی ئێستای ئەو ولاتە ئەیانەوێ بیکەنە دیاری بۆ خەلکی جیهان، لەئاستێکی فراواندا جێگەی ناڕەزایەتی توندی دنیای موتەمەددنە. ئەم ئاستە فراوانەش لە وەستانەوە بەدژی سیاسەتەکانی بۆش‌و ئەمریکا کارێك دەکات کە زەمینەی تازەدروست بوو بۆ ملهوڕی پێچەوانە بکاتەوە، لەئەمڕۆ بەداوە شاهیدی شکستە یەك لەدوایەکەکانی ئەمریکاوهاوپەیمان‌و نۆکەرانی ئەبین لە سەراسەری جیهاندا. ئەمە سەرتای دەورەیەکی نوێیە بۆ شکستی ئەمریکاو سەرهەلدانی بەرەیەکی نوێ کە خواستە ئینسانیەکانی فەرزئەکات بەسەریدا. هەربۆیەش ئەتوانرێ بووترێ کە سیاسەتەکانی ئەمریکا لەئێستە بەدواوەو لەگەل شکستی زیاترو گەورەتر لەوەی کە تائێستا بەدەستیهێناوە بەرەوڕووئەبێتەوە.

٥/٩/٢٠٠٥

---

**رۆژنامەنووسانی کەلار:**

# پێشێلکردنی مافی رۆژنامەنووسان و ئازادییەکانی جەماوەر مەحکوم دەکەین

پاش ئەوەیکە جەماوەری شاری کەلار بە مەبەستی ناڕەزایەتی دەربڕین سەبارەت بە کێشەی ئاو و کارەبا و بوارەکانی دیکەی خزمەتگوزاری لەم دەڤەرە خۆپێشاندانیان سازدا و تووندوتیژیەکی لە نێوان دەزگاکانی ئاسایش و جەماوەر لێکەوتەوە، گروپێک لە رۆژنامەنووسانی ئەو دەڤەرە راگەیەنراوێکیان بلاوکردۆتەوە و لە چەند خالێکدا ناڕەزایەتی خۆیان بەرامبەر بە مامەلە کردن لەگەل رووداوەکە دەربڕیوە.

بە تەقە ولامدانەوەی داواکارییەکانی خەلک کارێکی نادیموکراسیانەیە و لەگەل پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤدا ناگونجێت، بۆیە داواکارین لە هۆکارانی بکۆلرێتەوە و ئەنجامدەرانی لێپێچینەوەیان لەگەلدا بکرێت.

بە شێوەیەکی زۆر بەربلاو دەستدرێژی کرایە سەر رۆژنامەنووسان و چەندین رۆژنامەنووس لە لایەن هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسەوە رووبەڕوی گرتن و لێدان و سوکایەتی پێکردن بوونەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئامێری چەند رۆژنامەنووسێکیش شکێنرا و هەندێکیشیان دەستیان بەسەردا گیرا.

پێشێلکردنی مافەکانی خەلک و بەکارهێنانی توندوتیژی وەکو، لێدان بە چەک و بۆکس و شەق و سوکایەتی پێکردن و جنێودان و زیندانی کردنیان، کە رێژەیەکی زۆری ئەو خەلکانەی لێیاندرا لە مندالانی خوار تەمەن ١٥ سالانەوە بوون.

ئەو دەستدرێژیانەی کرایە سەر خزمەتگوزارییەکان بە دوورە لە ئامانج و مەبەستی سەرەکی خۆپێشاندەران.

لە کۆتایی راگەیەنراوەکەدا هاتووە: ئێمە هیواداریـن دەرس و ئەزموون لەم رووداوانە وەربگیرێت و دەزگاکانی حکومەت توانای قبوولکردنی ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانی جەماوەریان هەبێت و ئامادە بن گوێ لە داواکارییەکان بگرن و...... لە لایەکی دیکەشەوە داوا لە وەزارەتی ناوخۆ دەکەین کە هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس هۆشیاربکەنەوە و رایان بهێنن لەسەر ئەوەی بە شێوەیەکی هێمنانە و شارستانیانە هەلسوکەوت بکەن لەگەل خەلکی خۆپێشاندەر و رێز لە مافی ئەو رۆژنامەنووسانە بگرن کە لە شوێنی رووداودا ئامادەبن.

رۆژنامەنووسەکان بریتین لە : محەممەد حوسێن، ئازاد عوسمان، جەزا محەممەد، ئارام ئیکرام، عەدنان سید حوسێن، سەباح عەلی جاف، بێستون ژالەیی، یالەح میروەیس، ئەرکان حەمە رەشید، لاوان ئەحمەد، گەرمیان حەمەخان، محەممەد عەلی وەلی، شاخەوان فایق، عابد عەبدولرەحمان خەیات، عوسمان حەمە لەک، مەلا تەحسین گەرمیانی، جەمال ئەکبەر، سوعاد حاتەم، ئاراس فایەق، فەریق حەمە سالح، جیهان محەممەد، شاخەوان فایەق، سروە جەوهەر ، بڕیار محەممەد، فاخر عزەدین، رەزا سەلاحەدین، عادل حوسێن، پەیمان ئەمین، دیار حوسێن، رەحمان عەلی، دلێر عەبدولرەحمان.

# ئەم دەستوورە لە هیچ جێگەیەکی دنیادا قبوڵ ناکرێت

بنار مستەفا
bnarmustafaa@Yhoo.co.uk

لە دوای مەزهەلەی هەڵبژاردنە بێ وێنەکەی کانونی دووەم و پێکهێنانی حکومەتی بە زۆر دروستکراوی ئیسلامی عەشیرەتی دەسکەلای ئەمەریکا، هێز و لایەنە سیاسییەکانی حکومەت پاش کێشمەکێش و ململانێ و پاشقول گرتن لە یەکتر و لە ژێر فشاری ئەمەریکادا دەستورێکیان ئامادە کردووە و دەیانەوێت ڕیفراندۆمی لەسەر بکەن و پەنجەمۆری خەڵکی لێدەن و بەزۆر بەسەریاندا بسەپێنن.

دەستورێک کە بە پێی ڕێکەوتنی نێوان سەرەک عەشیرەتەکان و کوێخاکانی قەوم و مەزهەبە جیاوازەکاندا ئامادەکرابێت، کە خۆشیان دوای ئەو ناکۆکییە بە دوودڵی ڕێککەوتوون، دەبێت چ چاوەڕوانیەکی لێ بکرێت. گفتوگۆ و هێنان و بردنی ئەم لایەن و ئەو لایەن و ڕجا و پاڕانەوە لەو لایەن...هتد. تەواو دەریخست کە ئەم هێزانە بە هیچ شێوەیەک ناتوانن دەوڵەت بە ڕێوە بەرن، و لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان تەواو مافەکانی خەڵکی پێشێل دەکەن و بۆیان جێگەی بایەخ نییە.

ئەوانەی ئەم دەستوورەیان نووسیوەتەوە پێکهاتوون لە هێزەکانی ئیسلامی سیاسی، کە پێشنیاری قانونی وەک شەریعە دەکەن و هەوڵ دەدەن لە دەستووردا جێگەی بکەنەوە. لە ناسیۆنالیستی کورد کە خواستی خەڵکی کوردستانیان تەواو خستۆتە ژێر پێیانەوە و دەیانەوێت کوردستان بلکێننەوە بە دەوڵەتێکی عەرەبی ئیسلامیەوە. لە عەرەبی شۆڤێنی کە بوونی نەتەوەی دی بە تاوان دەزانن، لە سەرەک عەشیرەتەکان، کە قانونەکانی بەعسیان لا مۆدێرن و شارستانیە، جگە لە چەند لایەن و بزووتنەوەیەکی تری جۆراوجۆر هەتا کۆنە بەعسیەکان. دەبێت ئەم دەستوورە چەنێک لەگەڵ خواستەکانی خەڵکیدا یەکبگرێت، کە ئەمانە دایانڕشتووە؟

دەستورێک کە لەسەر بنەمای ئیسلامەوە پێکهێنرابێت و ئیسلام بە دینی ڕەسمی بناسێنێت، بە مانای بە کەمتر دانانی دینەکانی دی و بێ دینەکان دێت، دوور نییە خوێنیشیان حەڵاڵ بکات. دەستووری ئیسلامی ڕێگە بە هیچ جۆرە ئازادیەک نادات، بە تایبەتی بۆ ژنان، جگە لەوەی لە بەرامبەر پیاودا بە کەمتر دایدەنێت، ژن بە تەواوی لە کۆمەڵگا دوور دەخاتەوە، بەڕاستی دەبێت چ دوارۆژێک چاوەڕوانی ژنان بکات؟ دەستوری ئیسلامی بە مانای کۆتای هێنان بە خۆشی و شادی و ئارەزووەکانی خەڵکی دێت. دوور نییە لە قانونەکانی جمهوری ئیسلامی و تالیبان بێننە ئاراوە و پەیڕەوی بکەن، کە ڕیش بە پیاو درێژ بکەن و عەبا بە زۆر بە بەری ژناندا بکەن، پیاوان و ژنان لە هەموو جێگەیەکی کۆمەڵگەدا جیایان دەکاتەوە، وەک جێگەی کار و خوێندن، سەیر نییە ئەگەر تەنانەت لە پاسیشدا جێگەی دیاریکراویان بۆ دیاری بکەن.

دەستورێک کە هەر لە قۆناغی سەرەتای خوێندنەوە دینی ئیسلام دەرخواردی منداڵان بدات و بە ترس و تۆقاندن پەروەردەیان بکات. دەبێت چی بەدبەختیەک بە دیاری لەگەڵ خۆی بۆ منداڵان بێنێت؟ دەبێت منداڵان چەنێک ساتی خۆشی بەسەر بەرن؟

دەستورێک کە دەوڵەت بە وڵاتێکی عەرەبی لە قەڵەم بدات، ڕاستەوخۆ بە مانای پلە دووی نەتەوەکانی دی دێت، بە مانای پێشێلکردنی مافەکانی ئەو کەسانە دێت کە عەرەب نین. دەسەڵاتی بەعسی فاشی لە بری هەموو نمونەیەک دەدوێ دەربارەی دەوڵەت و پەیڕەوکردنی دەستووری قەومی.

لەبەر ئەوەی ئەم دەستوورە کۆنەپەرستە لە خزمەتی ئیسلامی سیاسیدایە، مافەکانی خەڵکی پێشێل دەکات، بە توندی سنوور بۆ ئازادی دادەنێت، لە دژی ژناندا دەوەستێتەوە، مەترسی و دڵەڕاوکێ دەخاتە دڵی ئەو کەسانەی سەر بە دین و نەتەوەی سەرەکی نین، هەڕەشە لە کۆمەڵگە دەکات ١٤٠٠ ساڵ بەرەو دواوەی بەرێت...هتد. لە هیچ جێگەیەکی دنیادا دەستوورێک جێگەی قبوڵ نییە کە بەو شێوەیە و ئەو کەسانە دایانڕشتنوە، کە ناوەڕۆکەکەی ئەو هەڕەشەیەیە. گەلی عێراقیش لە هیچ گەلێکی کەی ئەم دنیایە کەمتر نییە، بۆیە پێویستە بە توندی دژی ئەم دەستوورە بوەستینەوە و ڕیسوای بکەیین. بە تایبەت کە لە وڵاتەکەیاندا ئاو و کارەبا و دەرمان و خزمەتگوزاری تێدا نییە، ئارامی و ئاسایشی تێدا نییە، نوقمی تیرۆر و کۆمەڵکوژی بووە، لەم هەلومەرجەدا دەستوور، بە تایبەتی لەو جۆرە دەستوورانە تەنها بە کەڵکی ڕیسواکردن دێت. هێزی جەماوەر بەهێزترین هێزە کە دەتوانێت ئەم پیلانە پوچەڵ بکاتەوەو شکست بە پیلانگێڕانی بێنێت و دوارۆژێکی باشتر بۆخۆیان دیاریبکەن.

10.Sep.2005

# دەرسەکانی کەلار!!

عمری ختات
omerxatat@yahoo.com

ناڕەزایەتیە جەماوەرییەکەی خەڵکی کەلار بەدژی فەسادی ئیداریی دەسەڵاتدارێتی کوردی و بۆ داواکاری دابینکردنی کارەباو ئاوو سووتەمەنی و قیرتاوکردنی شەقامەکانیان و تەقەکردنی چەکدارەکانی قائیمقام و ئاسایشی یەکێتی لە خۆپیشاندەران و ئەو کاردانەوانەی کە ئەم ڕووداوە بەدوای خۆیدا هێنای، ناکرێ هەروا بە سانایی بەسەرماندا گوزەر بکات. ئەم ڕوداوە هەروا ڕوداوێکی سادەوئاسان نییە کەوەک هەر هەواڵێکی تری تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی ببیستین و هیچ کاردانەوەک و هەڵوێستەیەکیشی بۆ نەکەین و هەروا بڕواو لەبیرمان بچێتەوە.

ڕاستە کە ئەمە نەیەکەمین خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی خەڵکەو نەیەکەمین جاریشە کە دەسەڵاتدارانی کوردستان لوولەی چەکەکانیان ئەکەنە سینەی خەڵک. مێژووی ١٤ ساڵەی دەسەڵاتدارێتی کوردی پڕیەتی لە پێشێلکردن و سەرکوتکردنی هەموو دەنگێک و ناڕەزایەتییەکی هەقخوازانەی خەڵک کە بۆ باشکردنی بارودۆخی ژیانیان پێی هەڵساوون. بەڵام ئەوەی وا لەم ناڕەزایەتییەی کەلار دەکات کە ئەم کاردانەوە گەورەیە بەخۆوە ببینێ وتەنانەت نەک لە ناوخۆ بەڵکو لە ناو زۆرێک لە نووسەرانی دەرەوەی وڵات، بابەتی لەسەر بنوسرێ ولایەنەکانی تاووتوێ ودێباتی قوڵی لەسەر بکرێ، ئەو لۆژیکە سیاسیەیە کە لە زمانی خەڵک و بەبەرژەوەندی ئەوان بە دەسەڵاتداران دەڵێت " ئیتر بەسە ". ئاخر ناکرێ تۆ دۆزەخێکت بۆ من خوڵقاندووەو ئەگەر لەبەرامبەر ئەمەشدا ناڕازی بم و بەردەرکەت پێ بگرم گوللەبارانم بکەیت و پێشم بڵێی ئاژاوەگێڕ. هەربۆیە ئەم "بەسە" یە "نـــا" یەکی گەورەیە بەڕووی دەسەڵاتدارانی ئێستای کوردستان کە ڕۆژانە لێرەو لەوێ دەردەکەوێت و خەریکە وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی جەماوەریی شکڵ و شێوەی سەربەخۆی خۆی دەردەخات و داخوازییەکانی ڕۆشنتر دەبێتەوە، ئەم بزووتنەوە جەماوەرییەو داخوازییە ڕەواکانی کەلەنان و کارو باشکردنی ئاستی ژیاندا خۆی دەبینێتەوە، وەکو تیشکێکی ئومێدبەخش لەڕانیەوە دەستی پێکردو بەناو شاری سلێمانیدا لە خوێندکاران و شۆفێری تەکسیەکانی شار ئاڵاو خۆی گەیاندە کەلاری بێ ئاوو کارەباو سبەی ڕۆژیش لە شوێنێکی دیکەی کوردستانەوە سەردەردەهێنێ، خاڵی بەهێزی ئەم بزووتنەوە جەمارەرییە ئەوەیە کە ئیتر خەڵکی زەحمەتکێش وردە وردە خەریکە لە تەپ و تۆزو هەژموونی هێزەکانی کوردایەتی دەرباز دەبن و شوێن پێی خەبات و داخوازیەکانی خۆیان دەکەون. ئەم ڕەوتە تازە بە بەیت و باڵۆرەی " ساوایی حکومەت " و " ئاژاوەگێڕی" بەری پێ ناگیرێت.

١٤ ساڵە بزووتنەوەی کوردایەتی و بەتایبەت دوو زلهێزەکە چارەنووسی کوردستانیان بەدەستەوەیە. ١٤ساڵە خوێن وداهاتی ئەم خەڵکە دابەن و هەر کەڵەکەی دەکەن و هیچ بەرپرسێکیان حیسابی خۆی نازانێ. ئەگەر بۆ ئەم حیزبانە ئەم ١٤ ساڵە ساڵەکانی مانگی هانگوینی بووەو تا ئێستاش بەردەوامە، ئەوا بۆ خەڵکی زەحمەتێش و جەماوەرێکی فراوان لە خەڵک ١٤ ساڵی ڕۆژڕەشی و تاڵیی ژیان بووە. بەڵام سەرئەنجام ئەم ١٤ ساڵە ووردە ووردە خەڵکی فێر کرد کە بەرژەوەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم هێزانە زۆر دوورە لە ئاوات و ئارەزووەکانی ئەوان، هەر لە دابین کردنی کارو ژیانەوە بگرە بۆ پاراستنی ئاسایشیان تا دەگات بە دابین کردنی بیمە کۆمەڵایەتییەکان و ئازادییە سیاسیەکان ووووو زۆر "واو"ی تریش. بۆیە ئیتر مافی خەڵکە کە ڕیزی خۆیان لەم هێزانە جیا بکەنەوەو شوێن بەرژەوەندیەکانی خۆیان بکەون. خەڵکی کەلار ئەم کارەیان کرد هەربۆیە خۆپیشاندانەکەیان جێگەی ڕێزو لەهەمان کاتدا جێگەی لێکدانەوەی هەمەلایەنەیە.

بە بۆچوونی من، ئەو دەرسانەی کە دەکرێ لە خۆپیشاندانەکەی خەڵکی کەلارەوە دەربهاوژرێن و وەک بنەماکانی خەباتی جەماوەریی سەیربکرێن ئەمانەن:

یەکەم/ بەردەوام بوون و نەوەستان لەبەرزکردنەوەی داخوازییەکان، خۆپیشاندان و کۆبوونەی خەڵک لەدەوری یەکتر و لەدەوری نوێنەران وقسەکەرەکانیان. هەوڵەکانی تا ئێستای دەسەڵاتدارانی یەکێتی و بەرپرسە حیزبی و حکومەتیەکانیان وهەڵوێستی شەرماوەری حیزبە مووچەخۆرەکانی تر لە چەشنی ( شیوعی، یەکگرتوو، سۆسیالیست، زەحمەتکێشان) تا ئێستا بەدژی خەڵک و هەوڵدان بووە بۆ هێمنکردنەوەو ناردنەوەی خەڵک بۆ کونجی ماڵەوەو تەنانەت ناوبردنی خۆپیشاندانەکە بە ئاژاوەگێڕی. کردەوەی ئەم حیزبانە بە دژی ئیرادەی خەڵکی کەلارەو خەڵکی نابێت فریوی وەعدەو بەڵێنی ئەم حیزبانە بخۆن.

دووەم/ هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوەی سەربەخۆی جەماوەریی وپیشەیی، و پتەوکردنی ڕێکخراوەکانی ئێستا لە چەشنی (کۆمەڵەی بەمەدەنی کردن وکۆمەڵەی گۆڕان). بەرپاکردنی کۆبوونەوە گشتییەکان و هەڵبژاردنی نوێنەران، قانوونی کردنەوەی ڕێکخراوەکان... هەموو ئەو کارانەو هی تریش خزمەت دەکات بە چوونەسەری ئاستی هوشیاریی و ڕێکخراوەیی خەڵک. بەکورتی تا خەڵک ڕێکخراو بێت، ئەوە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی ئاستی ناڕەزایەتیەکانی داهاتوو بە قازانجی ئەوان تەواو بێت.

سێیەم/ ئەو هێزو لایەنانەی تەقە لە خەڵک دەکەن، پێویستە دادگایی بکرێن... پێویستە ئەم داخوازیە ببێتە کارێکی هەنووکەیی خەڵک و ڕێکخراوەکانیان، بەداخەوە هەموو جارێک خۆپێشاندان کرابێت، لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بە زەبری چەک و تەقەکردن پەلاماری خەڵک دراوەتەوە. هەربۆیە ئەو کەسانەی کە تەقەیان لە خۆپیشاندانەکەی ٧/٩ کردوە یان فەرمانی تەقەیان داوە، پێویستە دادگایی بکرێن. تاڵانی کردن و هێرش بردن بۆسەر دامودەزگا حکومیەکان لەلایەن خەڵکەوە، پاش تەقەکردنی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسەوە دەستی پێکردووە.

چوارەم/ خەباتکردن بۆ بەدەستهێنانی ئازادییە سیاسیەکان، لەوانە (خۆپیشاندان، مانگرتن، پێکهێنانی حیزب و ڕێکخراوەی جەماوەریی ...) بەردی بناغەی چوونەسەرو بەسەرکەوتن گەیاندنی هەر جوڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتیە. ئەوەی ماوەی ئەم ١٤ ساڵە لە کوردستان هەیە، هەموو شتێکە ئازادی سیاسی نەبێت، ئەوەی هەیە دەکرێ ناوی لێبنرێت "تعدد الأحزاب"، ئەویش بۆ کۆمەڵێک حیزبی مووچەخۆر لەچەشنی ئەوانەی سەرەوە باسکران. ئازادی سیاسی مانایەکی قووڵتری کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە، یاسایەک هەیە ئەم مافانەی خەڵک دەپارێزێت. ئەمە ئێستا لە کوردستان نییە، بۆیە ئەرکی حیزب و ڕێکخراوە چەپ و ئازادیخوازەکانە کە خەبات بکەن بۆ ئەم مافانە.

ئەوەی من لێرەدا باسم کردوون کۆمەڵێک هێڵی سەرەکین کە دەکرێ مشتومڕی زیاتری لەسەر بکرێت. من لێرەدا دەستی هەموو کەسانە دەگوشم کە کۆمەک بەم مەسەلەیە دەکەن.
سەرکەوێت خەبات و ناڕەزایەتی خەڵکی شۆڕشگێڕی کەلار و شوێنەکانی تر بۆ بەدەست هێنانی داخوازییەکانیان.
١٠/٩/٢٠٠٥

# کۆرییەکان لە کوردستان دەکشێنەوە

چەند سەرچاوەیەکی سیاسیی لە هەولێرەوە ئاشکرایانکرد کە حکومەتی کۆریا نەخشەیەکی ئامادە کردووە بۆ کشانەوەی بەرەبەرەی هێزەکانی کە لە هەولێردا لە چوارچێوەی هێزە فرە رەگەزەکاندا نیشتەجێبوون.
ئەو سەرچاوانە ئاماژەیان بەوە کرد کە دوو پەرلەمانتاری کۆری رایانگەیاندووە هێزەکانیان سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە بۆ کشانەوەی سێ یەکی هێزەکانیان لە عیراق.
ئاماژەشیان بەوە کردووە بە گوێرەی ئەو نەخشەیەی کە ماوەیەکی تر رادەگەیەنرێت ١٠٠٠ سەربازی کۆریا لە هەرێمی کوردستان دەکشێنەوە.

# منداڵەکەم وێنەی خوێن دەکێشێ

تارا شێخ عوسمان

وەکو هەموو جارێک کە منداڵەکەم وێنەیەک دەکێشی سەیری دەکەم و لەو چیرۆکە منالانە دەڕوانم کەلەپشت وێنەکانیەوەیەبەلام ئەوەی ترساندوومی بەم دواییە فێر بوە لەوێنەکانیدا دیمەنی تەقینەوە و خوێنڕشتن دەکێشی ، دەترسم و نازانم یەخەی کێ بگرم و کێ بەتاوانباری سەرەکی بزانم لەو حاڵەتەی منداڵەکەم ؟ دڵنیام و بیگومانم ئەمە بابەتی تابلۆی منداڵانەی بەخوێن ئالوودەبووی دەیان منداڵی کورد و عێراقییە . ئاخر چۆن لەو وێنانە نەکێشن کە سەر تاپای ئەو وولاتەی تێیدا دەژین و بەحساب هەناسەی منداڵی و دەستپێکی ژیانیانی تێدا دەدەن پڕە لە بۆنی خوێن و باروت و جەستەی شەلاڵ لەخوێن و ئوتومبیلی بۆمبرێژکراو و لاشەی پارچە پارچەکراو کە هەندی جار ئەو لاشانە لاشەی باوک و براو دایک و ئازیزەکانی تریانە هەندێ جار ئەو لاشانە جەستەی پڕلەخەون و جوانیی منداڵانەی هاورێکانی کۆلان و قوتابخانەیانە . ئەمە ئەو وولاتە بوو کە بەعێراقی ئایندە ناوزەدکرابوو؟ ئەمەیە عێراقی هیواو ئاشتی؟ ئەمە ئەو خەونە بوو کە هەمووانمان دەمانبینی وموچڕکی شادمانی دەیگرتینەوە کەبیرمان لە لەدایک بوونی دەکردەوە ؟ منداڵەکانمان ئەگەر ئەمڕۆ بوونەتە قوربانی دەستی تیرۆر ، لەوانەیە ئەو هەموو حاڵەتی خوێن ڕشتن و جەستە پارچە پارچە کراوانە ئەوانیش بشێوێنێ و دەروونی پاکیزەیان شپرزەو کەسێتیان نەخۆشیان بخات . خەمی هەموو دایکانە کەمنداڵێک هێشتا بەتەواوی لە ئەلف وبێکانی ژیان نەگەیشتووە و ووشەکانی خۆشەویستی ژیانی ئەزبەر نەکردووە زمانی بەتیرۆر و تۆقاندن وناوی تیرۆریستەکان بپژێ و کە دێنە کۆلان بۆ یارییکردن لەجیاتی هەموو شتێک یاری پۆلیس و تیرۆریست بکەن . گوناهە و تاوانە منداڵێک هێشتا لەخەونەکانی منداڵی تێر نەبووە بەزۆر بەسیدییەکانی سەربڕین و ڕفاندن و دیمەنەکانی تەقینەوە لەو خەونە ڕەنگاو ڕەنگەی رابێت . ئەمە ئەرکی کێیە منداڵانمان لەو دیمەن و بابەتە ترسناک و شەرئەنگێزییانە دوور بخاتەوە ؟ ئەوە کێیە دەستی منداڵەکانمان دەخاتە سەر دڵی ودڵنیایان پێدەبەخشێتەوەو بەدەنگێکی ئارام دەچرپێنێ بەگوێیاندا و پێیان دەڵێت :ئارام بن ..ئیدی خەون بە ترس لەڕفاندنەوە مەبینن ،بخەون وبیر لەو بکەنەوە لەمەولا تابلۆیەک بکێشن کە دیمەنی میزەلانی ڕەنگاو ڕەنگ و ئاسمانێکی شین و بابەتەکانی شاری‌یارییەوە تێدابێت ، بخەون و کە لەخەوەکەشتان رابوون قەڵەمە ڕەش و سوورەکانتان تووڕدەن . چونکە هێمای ترس و خوێنن و قەڵەمە پەمەیی و ڕەنگاڵەییەکانی تر بگرن بەدەستەوەو وێنەی ئەو ڕۆژە بکێشن کە وەک چاوەکانتان پڕلەئومێد بێت و وەک ئەندێشەپاکیزەکانیشتان پاک پاک و دوور لەهەموو ترس وخەم و دڵە ڕاوکێیەک بێت

لە سایتی نەوا

# درێژەی.............
# ڕاستییەکانی پشتی ڕەشنوسی دەستور!

لەهەموو ئەم هەلسوکەوتانەی ناسیونالیزمی کورددا، ڕەشنوسی ئیستا ئەوراستی‌یە ئاشکرادەکاتەوە کە یەکیتی وپارتی بۆقازانجی خویان و ڕەسمیەتدان بەدەسەلاتی ئیستایان، بۆئەوەی شەریکە بەشی خۆیان لەنیو بازارو سەرمایەی عیراقدا بپچرن، ئامادەن بەوەی کەنەك هەموو مافەکانی خەلکی کوردستان، بخەنە پیناوەوە، بەلکو ئەوان راپیچبدەنە ژیرسایەی حوکمی شمشیر وشەریعەتی ئیسلامی‌یەوە. ئەمە ئەو خاسیەتەیە کەبۆرژوازی کورد وحیزبەکانی سالەهای سالە نیشانیانداوە. زیانیك کەئەمەجارە ناسیونالیزمی کورد وحیزبەکانی لەگەمەی دەستوردا بەخەلکی کوردستانی دەگەیەنن، دووبەرابەر کاریگەرترە لەچاو تەجروبە تالەکانی رابدرووەدا. لەسەریکەوە ئەوان پەلکیش دەکرینەوە بۆ ژیر سایەی دەولەتیکی کۆنەپەرستی قەومی ئیسلامی و بەمجۆرەش ریگای بەدەستهینانی سەربەخۆیی وبریاردان لەسەر چارەنوسی خۆیانیان تادەورەیەکی‌تر لیدەبەسری و لەسەریکی تریشەوە، ماف وئازادی و ژیانیان تەسلیم بەئیسلام و دەسەلاتی سەرکوتگەرانەی دەکری. ئایا ئیتر ئەمە بەس نی‌یە بۆئەوەی خەلکی کوردستان بکەونەبەرامبەر ئەم حیزبانەو بزوتنەوەی کوردایەتی‌یەوە؟

## ڕەشنوسی دەستور و ژێرپێنانی "ئازادی و مافەکانی خەلك":

ووتمان ناوەرۆکیك کە ڕەشنوسی دەستور هەلگریەتی سپاردنی ماف وئازادی‌یەکانی خەلك و سەراتاپای ژیانی ئەوانە بەزیندانی ئیسلام وقەومپەرستی، سپاردنی ئەوانە بەحوکمی شەریعەت و ئیعدام و سەرکوت. بەلام ئەوەی کەپرۆسەی نوسینەوەی دەستوری کردەوە بەگەمەیەك لەنیوان ئەمریکاو دەستەو تاقمی قەومی وئیسلامی و تایەفە هاوپەیمانەکانیدا، غایب وونی دەوری خەلکە. تەریکخستنەوەی خەلکی عیراق و ریگەگرتن لەبەشداری کردنی ئەوان لەدارشتنی دەستوردا خۆی پیلانیکی پیشوەختبوو کەلەچوارچیوەی سیاسەتی جەنگ وداگیرکاری ئەمریکاو دریژبوونی دەستی ئیسلامی سیاسیدا، هاتەپیشەوە. بۆیە نەسەلماندنی ماف وئازادی‌یەکانی خەلك لەدەستوردا ئاکامیکی حەتمی ئەم راستی‌یەیە. ئەم دەستورە نەك هەر ماف وئازادی‌یەکانی خەلکی لەژیرپیناوە، بەلکو تەوای ئیرادەو موقەدەراتی یەك کۆمەلگای سپاردەوە بەمەلاو ئاخوند وسەرۆك قەوم وتایەفەو مەزهەبەکان، سپاردویەتی بەئاکامیك کەجەنگ وداگیرکاری ئەمریکاو ویرانکردن وبیدەرەتانی ژیانی خەلکی لیکەوتۆتەوە. بۆیە مافو ئازادیەکانی خەلك لەدەرەوەی گەمەی دەستور وسیاسەتیکدایە کەئەمریکاو دەست وپیوەندی‌یەکانی تیا چالاکن. بەدیهنانی خواستە فەردی ومەدەنی‌یەکانی خەلك بەدەوری خەلك خۆیانەوە گری‌ی خواردووە. بزوتنەوەی جەماوەری بۆکۆتایی هینان بەداگیرکاری ئەمریکاو دەستکۆتاکردنی ئیسلامی سیاسی و قەومگەرای وشەروبەلایان لەسەر ژیانی کۆمەلگا وسەرەنجام خەبات بۆگیرانەوەی مەدەنیەت وسازدانەوەی دەولەت کەتیدا جەماوەری خەلك عونسوری هەلسووراو وخاوەن بریارە، دەتوانی ریگای گەیشتن بیت بەمافو ئازادی‌یەکان .. ئەمە ئەو راستی‌یەیە کە ڕەشنوسی دەستور لەبەرامبەر خەلکی عیراق و داهاتووەکەیدا دەیخاتەروو.
١/٩/٢٠٠٥

# هاوارێك بۆ نەخۆشخانەكان

## چەند تێبینی‌یەك لەسەر نەخۆشخانەی گشتی سلێمانی

نەخۆشخانەی گشتی سلێمانی یەكێكە لەو نەخۆشخانانەی كە چەندین ساڵە لەم شارەدا هەیەو ژمارەیەكی زۆری هاوڵاتیانی لەمردن ڕزگار كردووەو چەندینی تریشی لەنەخۆشی‌و ناڵاندن بەدەست ئازارەوە دەرباز كردوە، وە ڕۆژانە ئەم نەخۆشخانەیە وەك باقی نەخۆشخانەكانی تری دنیا، دەیانو سەدانو هەندێك جاریش بەهەزاران كەس لەنەخۆش‌و ئەوانەی كە سەردانی نەخۆشەكان ئەكەن ڕووی تێئەكەن. كە هەندێكیان لەڕێگەی عیادەی دكتۆرەكانەوە لەلایەن خودی ئەو دكتۆرانەوە ئەنێردرێنە ئەوێ، هەندێكی تریان ئەوانەن كە لە نەخۆشخانەی بوژانەوەی دڵەوەو دوای باشتر بوونیان ڕەوانەی ئەم نەخۆشخانەیە ئەكرێن، ژمارەیەكی تریان ئەوانەن كە خزمێك یان ناسیاوێكیان هەیە لەوێ، باقی‌یەكەی‌تریشی ئەوانەن كە لەحاڵەتی كتوپڕ(خەتەر)دا خۆیان ڕاستەوخۆ ڕوودەكەنە ئەوێ. دیاریشە كە هەر نەخۆشەو لانی‌كەم كەسێكی لەگەڵەو هەر نەخۆشەش ڕۆژانە دەیان كەس لە كەس‌وكارو هاوڕێ‌و خزمانی سەردانی ئەكەن. بەڵام ئەم جێگا گرنگەی كە زامنی ژیانو تەندروستی بەشێكی ئێجگار گەورەی دانیشتوانی ئەم شارەیە، چۆن چۆنی كارەكانی بەڕێوە ئەبات؟ بۆ ئەو ژمارە زۆرەی (مراجع) چەند كارمەند پێداویستی‌یەكانیان بەڕێوە ئەبات؟ ڕۆژانە چەند كەس لە پەرستارو پزیشكی پسپۆڕو پزیشكی موقیم پێویستە، تاوەڵامی داواكاری‌و پێداویستی‌یەكانی ئەو نەخۆشانە بدنەوە؟ چەند كارمەندی پاككەرەوە پێویستە بۆ خاوێن ڕاگرتنی شوێنكی بەشێوەیە قەرەباڵغ، ڕۆژانە چەند جار پێویستە بسرڕێت‌و پاك بكرێتەوە بۆ ئەوەی كە بەخاوێنی بمێنێتەوە" شەوانە چەند پزیشكی پسپۆڕو موقیم‌و پەرستاری پێویستە كە وەك ئێشكگر شەوانە بمێننەوە، تا بتوانن وەڵامی پێداویستی‌وداواكاری‌یەكانی نەخۆش بدەنەوە؟..............هتد؟؟.

لە پرسگەی ئەو نەخۆشخانەیەوە دەست پێكەیت، وەزعەكەی زۆرخراپەو ڕۆژانە چەندین جار مەشهەدەكانی دووبارە ئەبنەوە: لەپرسگە باج دانراوە بۆ ئەوانەی كە سەردانی نەخۆش ئەكەن، كە ژمارەی ئەو باجانە ئەبێت محدود بێت، بۆ ئەوەی ژمارەی ئەوانەی كە ئەچنە ژوورەوە بزانرێت‌و قەرەباڵغی‌و دەنگەدەنگ نەخۆشەكان هەراسان نەكات، هاوكات بۆ ئەوەی كەلەكاتی گەڕانەوەی باجەكان ژمارەیەكی تر لەهاوڵاتیان بەئەندازەی ژمارەی هاتنەوەی باجەكان بچنە ژوورەوە، بەڵام ئەوەی كە زۆر كەم حسابی بۆ ئەكرێت ئەم شێوازی مامەڵەیە بەباجەكان، ئێرەش بەهەمان شێوەی پرسگەی فەرمانگەكانی تر، ئەگەر هاوڵاتی یان (مراجع) كەسێكی یان برادەرێكی یان ناسیاوێكی هەبێت، بەئاسانی‌و بەبەرچاوی ئەوانەی كە چەند سەعاتێكە وەستاونو سەرەیان گرتوە ئەچێتە ژوورەوە، كە كاتی مانەوەش لەناو نەخۆشخانە بۆ ئەو خاوەن واسیتانە كراوەیە، وە كارێكی تر كە هەر لەوێ ئەكرێت ئەوەیە كە جیاوازی لەنێوان هاوڵاتیاندا ئەكەن، هەندێك لەو كەسانەی كە بەرپرسن لەو پرسگەیە بەئارەزووی خۆیان هاوكاری تایبەت‌و زیاتری خەڵك ئەكەن، بەبێ بونی هیچ پێوەرێك هاوكاری ژنان ئەكەنو پێشیان ئەخەنو هەندێك جار ڕێگەشیان نیشان ئەدەن لەناو نەخۆشخانەدا، دیارە مەبەست لە هەموو ژنێك نی‌یە، چونكە ئەوان هاوكاری ئەو پیرەژنانەی كە چەند سەعاتێكە لەبەردەرگاو لەبەرهەتاوی هاوینو سەرمای زستاندا وەستاون ناكەنو بگرە لێشیان توڕەئەبنو دەریان ئەكەن،بۆیە ئەم مامەڵەیە لەگەڵ ژنان لە ڕوانگەی یەكسانیخوازبونیانەوە نی‌یە.

كاتێك كەسێك ئەگەر زۆر چاوەڕوانی كردبێت تا هاتبێتە ژوورەوە، هەر لە ناوەوەی نەخۆشخانەو چەند مەترێك ئەودیوی پرسگەكە، زۆرجار گوێبیستی ئەوە دەبێت كە پێتدەڵێن"شتێكت پێبدانایە، زوتر ئەیانكردیتە ژوورەوە" كە مەبەست پارەیەو معلومیش نی‌یە كە ئەم پارە پێدانە چۆنە؟. ئینجا كە دێتە ئەم دیوی دیواری نەخۆشخانە لەگەڵ بۆنێكی تابڵۆی ناخۆش بەرەوڕووئەبیتەوە كە مێشك كاس ئەكات، معلوم نی‌یە سەرچاوەكەی كوێیە؟، بۆ هەر جێگایەك ئەڕۆی هەمان بۆنی تیایە، ڕەنگە ئەو بۆنە ناخۆشە خۆی یەكێك بێت لە سەرچاوەی هەندێك نەخۆشی كە لەوێ بڵاوببنەوە، ئەمیش ڕەنگە بەهۆی ئەوەوە بێت وەك نەخۆشەكان بیستویانە كە ئەم "نەخۆشخانەیە ئەڕوخێنرێت، بۆیە دەستێكی پیاناهێنن" یان ڕەگە بەو هۆیەوەبێت كە ئەو كرێكارانەی كە ئەركی پاككردنەوەی ئەو شوێنەیان لەئەستۆدایە زۆربەی زۆریان گەنجن‌و بە شێوەی تعین ئەو كارە ناكەن، بەڵكو لەڕێگەی یەكێك لە مقاولەكانەوە بە مانگانە لەوێ تعین بوون، كە ئەمانیش زۆربەیان ئەو گەنجانەن كە لە ناوچەكانی شێخانو شنگاری موصڵەوە هاتوونو بەكرێی‌یەكی كەم ئەم كارەیان پێئەكەن، ئەمەش وادەكات كە كارەكەیان باش ئەنجام نادەن، هاوكات وەك هەر گەنجێكی تر زیاتر ئارەزوویان لەگاڵتەوگەپو گۆرانی وتن بەدەنگی بەرزو یاری كردنە لەناو قاوشەكان، ئەمەش وادەكات كە مرافقی نەخۆش ڕۆژانە چەندجارێك لەگەڵیان دەرگیربێت‌و دەنگە دەنگەكە چەند بەرابەر بێت.

قاوشەكان، هەندێك لە ژوورەكانی دیوارەكەی بەشێوەیەك بۆیەو گەچكارییەكەی هەڵوەریوە، ئەگەر ساغیش بیت ئەوا مانەوەت بۆ چەند ڕۆژێك بەسە بۆ ئەوەی كە توشی ڕەبۆ یان نەخۆشی تەنگەنەفەسی ببیت‌و سیەكانت بەهۆی تۆزی ناو ژوورەكانەوە توشی بەڵایەك بێت، قەرەوێڵەكانی ناو هۆڵەكان زۆربەیان كارناكەنو ئاسەواری ڕەشی‌ی لەحیم بەزۆربەیانەوە دیارە، ئەو عەمودەی كە بۆ هەڵواسینی ئاوی (موغەزی) دانراوە، زۆربەیان لێرەو ئاسنگەرەكانی خۆمان بەشیشی سەقف دروستیان كردون، پانكەكان بەپلایس نەبێت دەرەجەكەی زیادو كەم ناكرێت، سویچ پلاك بۆ ئامێرەكانی ناو نەخۆشخانە نی‌یە، ئەگەر شەحنی مۆبایلەكەت دابەزیبێت ئەبێت چەندین ژوور بكەیت تا سویچ پلاكێكی نیوە ساغ پەیدا بكەیت‌و ئیشەكەتی پێ جۆر بدەیت، توالێتەكانی زۆر وێرانن، توالێتی مزگەوتی كۆنی ئەم شارە لەوانەی ئەم نەخۆشخانەیە خاوێنترو ڕێك‌و پێكترن، نەدرگایان دەرگایەو نە مغسلەی تیایە، كێشەی ئەو منداڵانەی كە خێزانەكانیان ئەیانهێنن لەگەڵ خۆیان بۆ لای نەخۆش‌و كێشەی برانی ئاو كارەباش لەولاوە بابوەستێ، لە هەموو ئەو نەخۆشخانەیەدا بەڕادێكی ئاوت چاو پێناكەوێت، جگە لەو پانكانەش كە ئەو حاڵەكەیان هیچ ئامێرێكی تری ساركەرەوەی تیانی‌یە، پەنجەرەكانیش هەندێكیان لەحیم كراونو ناكرێنەوە، كەسیش نازانێ بۆچی؟، ئینسان هەست دەكات لە كوردستان نی‌یەو لەیەكێك لەنەخۆشخانەكانی كابوڵی سەردەمی تاڵیبانە. بردنە ژوورەوەی بەتانی‌و سەرینو شتی خاوێنی خۆت بۆ ناو نەخۆشخانە قەدەغەیە، دیارە ئەمە كارێكی شارستانی‌یەو بەقازانجی خودی نەخۆشەكەیە، لەبەر ئەوەی كە نەوەكو كەس هەبێت شتی پیس‌و ڤایرۆساوی بهێنێتە ناو نەخۆشخانەوەو نەخۆشی بڵاوبێتەوە، بەڵام لەوێ لەگەڵ بینینی بەتانی‌و پەردەكانی ئەوێ چاوت ئەبڵەق ئەبێت، بۆنی بەتانی‌یەكان ئێجگار ناخۆشەو ڕەنگە بەشێك لەو بۆنە ناخۆشەی ناو ئەم نەخۆشخانەیە بەم بەتانیانەوە بێت، چڵكی پەردەی‌سەرقەرەوێڵەكان لەدووری چەند مەترێكەوە دیارە، هەر لەوێش لەسەر دەرگای مەخزەنی بەتانی‌و پەردەكان بەخەتێكی ناشیرین نوسراوە" پشتی نادرێت بەهیچ كەس، ئەگەر ڕەزامەندی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی لەسەر نەبێت" كە ئەمەشیان معلوم نی‌یە كە حكمەتەكەی لەچی‌دایە؟ چونكە ئەگەر مەسەلەكە تەندروستی نەخۆشەكەیە، خۆ مرافقەكەی ئەو كێشەیەی نی‌یە، وە هاوكات ئەم بڕیارە خودی ئەو پزیشكەی كە نەخۆشەكە چارەسەر ئەكات ئەتوانێ بیدات، ئیتر بۆچی بۆ وەرگرتنی پشتی‌یەك ئەبێت سەردانی بەڕێوەبەری گشتی بكەیت تا موافەقەتی پێدانیت بۆ بكات؟!!، ئەمە بێجگە لەو ئاگاداری‌یانەی كە لەشوێنە جیاجیاكاندا نوسراون، وەك ئەو ئاگاداری‌یەی كە لە دەرگای چوونە ژوورەوەی سەیارەكان هەڵواسراوە بەم شێوەیە" هاتنە ژوورەوەی سەیارە قەدەغەیە بە فەرمانی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی" وە لەژێرەوە ئیمزاكەش هەر بەڕێوەبەری گشتی‌یە.

مانەوەی مرافق لەگەڵ نەخۆش لەزۆربەی وڵاتانی دنیادا قەدەغەكراوەو ئەم دیاردەیە ئێستا نەماوە، بەڵام ئاشكرایە كە بۆچی لێرە پیادە ئەكرێت، چونكە مرافق لەكاتی مانەوەی لەگەڵ نەخۆش هێندەی پزیشكێك سود بە نەخۆشەكە ئەگەیەنێت، چونكە ئەوژمارە زۆرەی نەخۆش كە لەنەخۆشخانەكاندا هەیە، بۆ هەر قاوشەی كە زیاتر لە شەش ژووری پێنج كەسی تیایە، شەوانە تەنها خەفەرێكیان هەیە، ئەم خەفەرانەش هەندێكیان سەرباری ئەوەی كە زۆر زمان شیرینو دڵسۆزانە كارەكەیان ئەنجام ئەدەن، بەڵام وەك هەموو ئینسانێكی تر پێویستی‌یان بەكاتی پشودانو خەو و خواردنو سەردانی هاوڕێكانی خۆیان هەیە لەناو نەخۆشخانە، كەئەگەر ئەم كارەشیان كرد، ئەوا خەفەر وون ئەبێت‌و كەس نازانێت لەكوێیەو بەدیلێكیشی نی‌یە، مرافقی نەخۆشیش بۆ دۆزینەوەی ئەو خەفەرە عەوداڵ ئەبێت بەدوایدا، تا ئەیدۆزێتەوە وەختە دڵی شەق بەرێت. هەرچی موقیمەكانیشن، یەكێكیان تا كاتێكی دیاری كراوی شەو لە ژووری فەحص دائەنیشێت، كە ئەویش هەمیشە وانی‌یەو شوێنی تایبەتی خۆیان هەیە لەناو نەخۆشخانە كە پێی ئەوترێت "دار الاگباو" و ئەچێتە ئەوێ، كە شوێنێكی دوورە لەژووری فەحصەكە، هاوكات ئەم "دار الاگباو "ە شوێنی ژنانو پیاوانی جیاوازەو لە سەر دەرگای"دار"ی ژنان نوسراوە هاتنە ژوورەوە قەدەغەیە، ئەمیش كەس نازانێت بۆ!!! ، ئەم موقیمانە هەندێك جار تاكەسێك نەچێت بەدوایاندا یان تا تەلەفۆنیان بۆ نەكرێت نایەنە ژوورەكەی خۆیان.

هەرچی پزیشكە پسپۆرەكانیشن "فەقیرانە" ناهەقیان نی‌یە كەكەس نایانبینێت، چونكە جگە لەوەی كە هەریەكەیان عەیادەی خۆیان هەیەو ئەبێت پاشنیوەڕوان ئیلتزامی پێوە بكەن، هاوكات دەوامی زانكۆ یان هەیەو هەفتانە ئەبێت چەند ڕۆژێك دەوامی ئەوێش بكەن، جا خۆشبەختانە هەندێ وانەی عەمەلی زانكۆ ئەهێننە ناو نەخۆشخانە، بەمەش بەبەردێك دوو چۆلەكە ئەكوژن، هەم خوێندكارەكان دەورە عەمەلی‌یەكە ئەبینو هەم نەخۆشەكەش شانسی بینیی پزیشكی پسپۆڕی دەبێت، لەكاتی چارەسەری نەخۆشەكاندا بەئەندازەی مەسئولێك كە حمایەی هەیە، پزیشكی پسپۆڕ هێندە خوێندكاری كۆلێژی پزیشكی بەدواوەیە، هاوكات ئەم پزیشكانە هەندێكیان پزیشكی تایبەتی هەندێك لەخێزانە خواپێداوەكانو ئەویش ئیلتزامێكی تری بۆ زیاد كردوون.

یەكێك لە پەرستارە ئێشكگرەكانی ناو نەخۆشخانە كە پیاوێكی تەمەن ٥٠ ساڵ، سەبارەت بەم وەزعەی نەخۆشخانە قسەم لەگەڵ كرد لێم پرسی كە وەزعی نەخۆشخانە بۆچی وایەو بۆچارەسەرێكی بۆ ناكەن؟ وە ووتم ئەزانی كە ئێوەبەرپرسن لە خراپتر كردنی باری دەرونی‌و تەندروستی نەخۆشەكان؟. ووتی"كاكی خۆم بۆچی بەمن ئەڵێیت، برۆ لەگەڵ مدیری نەخۆشخانە ئەم قسانە بكە"، كاتێك كە زانیم ئەویش نارەحەت‌و بێزاری ئەم حاڵەیە، بۆیە كەمێكی تر دواندمو باسی جیاوازی نێوان ئێستاو سەردەمی بەعسی بۆ كردم، كە خۆی لە پێش ڕاپەڕینەوە تا ئێستا كارمەندی ئەوو نەخۆشخانەیە، ووتی" ئەوسا هەر قاوشێك چەند كەسێك خەفەری هەبوو، وە كۆمەڵێك ڕێنوێنی هەبوو كە هەركەس سەرپێچی لێبكردایە سزا ئەدرا، بۆنمونە لەسەر پەڵەیەك پیسی لەسەر نوێنەكان یان قاوشەكانو هۆڵەكان یان هەر جێگایەك چەندكەس قەتع ڕاتب ئەكران، شەوانە بەڕێوەبەر یان سەرۆكی تەندروستی خۆی بەنیوەشەودا ئەهات‌و لەناو نەخۆشخانەدا ئەگەڕا بۆ ئەوەی بزانێت چ خەبەرە، بۆچی كەس ئەیوێرا قۆپچەیەكی صدریەكەی كرابێتەوە، یان صدریەكەی پەڵەیەكی پێوە بێت، یان ڕیش تاشراو نەبێت، یان بەنەعلەوە لەناو نەخۆش‌و قاوشەكاندا بسوڕێتەوە؟ بەڵام ئێستا ئەوە نەماوە، چونكە بەرپرسان خۆیان جدی نین، ئەوەیشی كە لەژێر دەست ئەواندا بێت هەر جدی نابێت".گێڕانەوەی ئەم بەراوردە بۆ ئەوە نی‌یە كە بڵێم بەعس لەم مەیدانەدا باشتر بوو، بەڵام ئەبێت جێگای گرنگی پێدان بێت.

كاتەكانی نان خوادرنو خواردن دابەشكردنو جۆری خواردنی نەخۆش هەر باس ناكرێت، چونكە كەم كەسم دیوەو لە كەمیشم بیستوە كە ئەگەر زۆر ناچار نەبوبێت هەرگیز ئەو خواردنەی ئەوێی نەخواردوە، چونكە خواردنی نەخۆشەكان زۆر ناخۆش‌و بێكەڵك‌و خاوێن نی‌یە، وە جیاوازی هەیە لەگەڵ خواردنی كارمەندەكان، دیارە كارمەندانیش ئەم گلەیی‌یەیان هەیە لەخواردنەكەیان، لەبەر ئەوەی كە ئەوەی ئەوانیش هێشتا وەك ئەوەی پزیشكەكان نابێت.

بۆ فریا كەوتنی ئەم نەخۆشخانەیە لە توش بوون بە نەخۆشی گەورەترو كوشندەتر، ئەبێت دانیشتوانی شار بەهەر شێوەیەك كە بۆیان گونجاوە فریای بكەون، حكومەتی هەرێم‌و وەزارەتی تەندروستی ئەبێت بە چاوێكی كراوەترو چاودێری چڕوپڕتر و نەخشەوپلانی كارسازتر، بەفریای ئەم نەخۆشخانەیەو نەخۆشخانەكانی تری شاری سلێمانی بكەونو بەفەوری كۆمەڵێك ئیجرائاتی پێویست ئەنجام بدەن، لەوانە:

–دانانی كەسانی گونجاو و سیستەمێك بۆ پرسگەكان، كە كاری هاوڵاتیان ڕێكخراو بكەنو بەشێوازێكی مۆدێرنو زمانی خۆش ڕێك‌و پێك كاری سەردانی نەخۆش‌و نەخۆشخانە ئەنجام بدەن، بەوشێوازەی كە باج هەڵواسین بكرێتە مەرجی چونەژوورەوەی هەركەسێك‌و ناوی كەسەكەو كاتی چوونە ژوورەوەی بۆ دیاری بكرێت، بۆئەوەی بزانێت كە تاچەند مافی مانەوەی هەیە. وە هیچ جۆرە جیاوازی‌یەك لەنێوان هاوڵاتیان نەكرێت‌و سەرپێچیكەر بەتوندی سزا بدرێت.

–دابین كردنی ژمارەی پێویست لە پزیشكی پسپۆڕو موقیم‌و پەرستاران، تائەو كاتەی كە "سیستەمەی مرافق" بەیەكجاری بنەبڕ ئەكرێت. دیارە ئەویش لەڕێگەی پێدانی ئیمتیاز(معاشی زیاد–دەرماڵەی زۆر–پێدانی بڕوانامەی ڕێزلێنان...هتد) بۆ ئەو پزیشك‌و پەرستارانەی كە ئامادەن ئەم كارە ئەنجام بدەن. بۆ ئەوەی بتوانن بە چاكی كارەكەیان بكەن.

–بەكارخستنەوەی غسالەكان‌و شوردنی نوێنەكان، هەر دوو ڕۆژ جارێك لەوەرزی هاوین‌و چوار ڕۆژ جارێك لەوەرزی زستاندا، وە شۆردنی یەكسەری پاش چوونە دەرەوەی نەخۆش لە نەخۆشخانە.

–وەرگرتنەوەی ئەركی خاوێن كردنەوەی نەخۆشخانەكان لەدەستی مقاول‌و لەجیاتی ئەمە ژمارەیەك كارمەند دابمەزرێنرێن‌و بەشێكی تایبەت لەوەزارەت بۆ ئەم كارە بكرێتەوە كە تەواوی پێداویستی‌یەكانی پاككردنەوە لەوێ دابین بكرێت‌و ئەو بەشە بەرپرسی خاوێن ڕاگرتنی نەخۆشخانەكان بێت.

–گرنگی زۆر بدرێت بە چێشتخانەو كارمەندی كارامەو تایبەتی بۆ دابین بكرێت‌و "چێشت لێنانی مەركەزی" بكرێتە بەدیلی ئەوەی ئێستا، چونكە خواردنی نەخۆش جۆرێكەو جیاوازە لەخواردنی كارمەندان‌وئەوەی پزیشكەكانیش لەهەردوكیان جیاوازترە، كە ئەمە ئیتر نابەرابەریەكی بێئەندازە ناخۆشە، وە لەو ڕووی ئینسانیشەوە قبوڵ نی‌یە.

–شوێنە خراپەكانی ناو بیناكەو پێدوایستی‌یە بێكەڵكەكان نوێ بكرێنەوە ئەگەر بەشێوەی كاتی‌و بۆماوەیەكی كەمیش بێت. چونكە هەموو كەس مافی ئەوەی هەیە كە لەناو نەخۆشخانەكاندا لە جێگایەكی تەندروست بەهرەمەند بێت.

–.............



# ڕاستییەکانی پشتی ڕەشنوسی دەستور!

خەسرەو سایە

k.saya@ukonline.co.uk

سەرەنجام بەدوای چەندین جارەی دواخستن و بینەوبەردەی لایەنەکان، ڕەشنوسی دەستوریکی ناتەواو خرایە بەردەم "کۆمەلەی نیشتمانی عیراق"ەوە، بۆدەنگدان لەسەری. بەلام ئەوەی لە ناوەڕۆك وبەندەکانی ئەم ڕەشنوسەدا چ بۆگەناویکی کۆنەپەرستی خۆی حەشارداوە، تەنانەت ئەوەی کەئەگەر ئەم ڕەشنوسە پەسەندبکری کۆمەلگای عیراق لەنیو چ زیندانیکدا یەخسیر دەکا، ڕاستییەکی سادەیەو هەرکەس بەکەمیك سەرنجدانەوە دەتوانی بیسەلمینی. بەلام بەجیا لەم ڕاستیە. ئەم ڕەشنوسە، هەروەك ئەوەی لەدریژەی جەنگ وداگیرکاری ئەمریکاو ڕەوەندی سەرهەلدانی چەندین هیزی کۆنەپەرستی ئیسلامی وقەومی وسیناریۆی ڕەشیاندا هاتوتەکایەوە، کۆمەلە ڕاستییەکی لەپشت خۆیەوە ڕاگرتووە، کەدەبی بەجورئەتەوە ئاشکرابکرین وخەلکیان لیئاگاداربکریتەوە..

## "دەستوری تەوافقی"، ئەمریکاو نەبەردی خەلکی عیراق:

هەرلە تالەبانی وبەرزانییەوە، تامحمد مەحجوبی سەرۆکی پەرلمانی عیراق، تادەگات بەریزی وردودرشتی نوسەرانی بەشدارلە نوسینەوەی ڕەشنوسی دەستوردا، هەموویان باسیان ئەوەیە کەئەم ڕەشنوسە بە"تەوافق"ی لایەنەکان ئامادەکراوەو بەم پییەش هەموو لایەك خواستی خۆی تیدا جیگیرکردووە. ئەمە درۆیەکی ئاشکرایەو"تەوافقات"یکیش کەجیگای باسە جگەلەوەی کە"ڕای" هەموو "دۆستانی دوینی"ی نەگرتۆتەخۆ، هاوکات پیکەوە گریدانیکی لەرزۆکانەیە کەبەفشارەکانی ئەمریکا توانرا لەژیر ناوی "توافق"دا لەدایك ببیت. بەڕاستی کی دەتوانی ئەم سیناریۆیە بە"پرۆسەی نوسینەوەی دەستور"ی ولاتیك ناوببات، کەحکومەت ونوسەرانی لە"ناوچەی سەوز"دا گیریان کردووە ولەولاشەوە خەلکیان سپاردووە بەجەهەنەمەیك لەکوشتارو بیدەرەتانی وتیرۆرو نائەمنی! . بەلام لەپشتی "توافق"یکەوە کەلەڕەشنوسی دەستوردا هاتوتەکایەوە، ڕاستییەکی سیاسی خەوتوە. ڕاستییەك کەئەمریکا ناچارە باز بەسەر هەموو تاوانەکانی جەنگ وداگیرکاری وکوشتارو مالویرانییەکدا بداو فشارەکانی توندکاتەوە تاهەرچۆن بووە ریگایك بۆدەربازبوون لەقوراویك کەتیی چەقیوە بدۆزیتەوە. ئاخر ئەمریکا بۆداگیرکردنی خاك وئاوی عیراق ومانەوەی هەتاهەتایی نەهاتۆتە ناوچەکەوە. ئەوەی ئەو ئامانجیەتی لەعیراقەوە بۆی بچیت، ملشکاندنی حەریفەکانی لەدونیاو بەریخستنی نەزمی نوی‌ی جیهانیی‌یە. نەزمیك کەیەك لایەنە بالادەستی ئەمریکا لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بەلەبەرچاوگرتنی قازانجی ماوەدریژی کۆپانیای بازرگانی وئابووری ئەمریکایی فەراهەم دەکات. ئەمە جگەلەوەی بارودۆخەکانی ئیستا بۆئەمریکا بەمەسروفاتیکی چەند ملیاردی سالانەی سوپاوشەرکەرانی لەعیراق، کەدووجار زیاترە لەمەسورفاتی جەنگی ڤیتنام، تەواودەبی ولەلایەکی تریشەوە کوژرانی سەربازانی ئەمریکایی، ئەوفاکتۆرەیە کەڕۆژانە حکومەتی بۆشی خستۆتە نیو تەنگانەیەکەوە کەناتوانری وەك ڕووداوەکانی عیراق بازی بەسەردا بدری. کەوایە ئەمریکا ناچارە بەوەی هەرچۆن بووە ئەم دەورەیە تەواوکات ولەژیرناوی "گیرانەوەی سیادەت بۆعیراقی‌یەکان" حکومەت و دەولەتیك لەدەست و پیوەندەکانی خۆی دروستکا وبەسەر خەلکی عیراقدا دایسەپینی. لیرەدایە وەزیفەی "دەستوری تەوافقی" پیویستی خوی دینیتە پیشەوە. وەزیفەیەك کەشتیکی‌ترنی‌یە جگەلە مەشروعیەتدان وبەقانونی کردنی بارودۆخەکانی ئیستای عیراق و سیاسەتیکەکەی ئەمریکا تائێستا لەعیراقدا بەریوەی بردووە. لەحالەتیکی ئاواشدا، هەلەیە بۆبەرژەوەندی ومافو ئازادییەکانی خەلکی عیراق لەبرگەو بەند ومادەکانی دەستوریکدا بگەریین، ئەویش بەوناوەڕۆکەوە کەهەیەتی. تەنانەت هەلەیە دلسۆزانە بەویستی چاکخوازییەوە ڕووبکریتە دەستور ووەك مەیدانیك بۆ بەدیهنانی کەمترین ماف وئازادی‌یەکانی خەلك تی‌ی بروانری. بەپیچەوانەوە نەبەردی خەلکی عیراق نەلەدەستورەوە دەست پیدەکاو وەنە بەپلەی یەکەم لەبەرامبەر نوسەران وحکومەتەکەیدایە، بەلکو، نەبەردی سەرەکی بۆئەوان ڕاوەستانەوەیە بەرامبەر بەئەمریکا وسەرجەم سیاسەتەکانی. ئەمە وەك مەیدانیکی بنەڕەتی خەباتی شۆرشگیرانەی خەلکە کەخۆی لەپیناو گیرانەوەی مەدەنیەت وسازدانەوەی کۆمەلگاو کۆتایی هینان بەسەرجەم بارودۆخەکانی ئیستادا دەبینیەتەوە. خەلکی عیراق ناتوانن بۆدابینکردنی ماف وئازادی‌یەکانیان چاو لەدەستوریك ببرن کەبەدەست حکومەت ودەولەتیکەوەیە، کەهیشتا لەباوەشی دریژەدان بەجەنگ وداگیرکاری و تیرۆرو کاولکاری وبیدەرەتانی کۆمەلایەتیدایەو لەسەرو ئیرادەی خەلکەوە حوکمدەکات. جەنگیك کەئەمریکا کۆمەلگای عیراقی پی لەخوین هەلکیشا، سەرەتا بەناوی"پرۆسەی ئازادکردنی عیراق"ەوە کەوتەڕی و دواتریش ئالای دیموکراسی بۆهەلکرا. گوایە ئەمە ریگای دەربازبوونە لەدیکتاتۆریەت وگەیشتنە بەسیستەمیکی دیموکراسی کەتییدا ماف وئازادی‌یەکان بۆخەلك دەگەریتەوە! بەلام ڕووداوەکانی دوو سالی ڕابردوو ڕەوەندیکی پیچەوانە نیشاندەدات: دارمانی بناغەکانی کۆمەلگای مەدەنی، کوشتارو کاولکاری، جەنگ وتیرۆر، بیکاری و نەداری، پەرەگرتنی کۆنەپەرستی قەومی و ئیسلامی، تا سەرهەلداتی تیرەگەری وپیکدادانی ئاینی..هەموو ئەمانە ژیانی کۆمەلگای عیراقیان هاریووە و وەلامی ئەمریکاش پی‌یان گیرانەوەی دەولەتیکە کەلەبنەڕەتەوە لەسەر چەند جیاوازی‌یەکی دروستکراوی ڕەگەزی وقەومی وئاینی و تیرەگەری دامەزراوە. "دەستوری تەوافق" بڕیارە دابەشکردنی کورسی‌یەکانی ئەم حکومەت و دەولەتە بیت کە لەژیر سیبەری تانك و تۆپەکانی ئەمریکادا ڕاوەستاوە. سیناریۆیەکی ئاواش بەقیمەتی لەبەینبردنی هەویەتی کۆمەلایەتی و هاولاتی بوونی یەکسانی خەلکی عیراق و ماف وئازادی‌یەکانیان تەواو دەبی. ئەمە ئەو ڕاستی‌یەیە کەلەپشت ڕەشنوسی دەستوری ئیستاوە خەوتووە. بۆیەدەبی سیناریۆی دەستور پوچەلبکریتەوە، دەبی ڕەتکردنەوەی ئەکیدی ئەم دەستورە هەنگاویك بیت بۆ وەدەرنانی ئەمریکاو بەشکستکیشانی دەستوپیوەندەکانی..

## " دەستوری تەوافقی" ئیمتیازیکی زیاتر بۆ ئیسلامی سیاسی:

هەروەك ئاماژەمان پیکرد کە ڕەشنوسی دەستوری ئیستا لەلایەن هەموانەوە بەبەرهەمی "تەوافق"یك ناوزەد دەکری، کە"عیراقی‌یەکان" پی‌ی گەیشتون!! گریمان ئەمە ڕاستەو ئەمریکا دەخالەت وفشاریکی لەنوسینەوەی ئەم دەستورەدا نەبووە، بەلام خودی "تەوافقیك" کەهاتۆتەدی لەسەر بناغەی دانپیدانانی پیشرەوی ئیسلامی سیاسیدا مومکین بووە. خودی ئەوەی کە لەم تەوافقەدا دەستوریك ڕەشنوس دەکری کەئیسلام دەکاتە دینی ڕەسمی ولات وسەرچاوەیەك بۆیاسا، تەنانەت دەیکاتە پیوانەیەك بۆسەلماندنی ماف وئازادی‌یەکانی فەرد، ئاشکراکردنی ئەو ڕاستی‌یەیە کە ئیسلامی سیاسی ئیمتیاز وەرگری سەرەکی نیو ئەو هیزانەیە کەلەپشتی ئەمریکاوە ڕاوەستان. بەلام ئەمە بەرهەمی چ واقعیەتیکی سیاسی‌یە؟ ، ئایا ئیسلام وەك ئەمریکاو دەولەتانی ڕۆژئاوا بانگەشەی بۆدەکەن بیروباوەڕی زۆرینەی خەلکی عیراقە؟ ئایا بەڕاستی زۆرینەی خەلکی عیراق لەچوارچیوەی ئیسلامدا جیگایان دەبیتەوە، تابەم هۆیەوە ئەو ئیمتیازە بدری بەنوینەرانی ئیسلامی سیاسی حوکمی شەریعەت و خوا لەدەستوردا جیگیربکەن؟

ئیسلام لەزگەیەکە و بەجەستەی کۆمەلگای عیراقەوە نراوە، لەباری میژوویی‌یەوە، ڕەوەندی سەرهەلدانی ناسیونالیزمی عەرەبی و حکومەتی ئیستبدای بەعس کەلەجەوهەردا هەلگری باوەڕی ئیسلام و"حەملەی ئیمانی"یەگەیەتی، ئیسلام لەیاساو فەرهەنگی کۆمەلایەتیدا بەزۆر ڕاگیراو دواتریش وەك پیشەسازی‌یەکی فکری هەست ونەستی خەلکیان لەریگای دامەزراندنی تۆری مزگەوت ووەزراەتی ئەوقاف وپیشەی مەلایەتی‌دا پی لەقالبدا وئەمەش سەرمایەیەکی گەورەی خستە خزمەت مەلا و ئایتوللا و دەستەو تاقمی ئیسلامی‌یەکانی دوای جەنگەوە. بەلام ئیسلامی سیاسی وپیشرەوی دەستەو تاقمەکانی لەچەند لاوە بەرهەمی سیاسەتیکن کەئەمریکا لەبەرامبەر خەلکی عیراقدا پەیرەوی لیکرد. لەسەرەتاوە ئەوە ئەمریکا خۆی‌بوو کەدەستی تاقمە ئیسلامی‌یەکانی گرت وبەناوی"شیعەو سوونەوە" کردنی بەنوینەرانی بەشەکانی خەلکی عیراق وبەدوای ڕووخانی ڕژیمی بەعسدا، دەسەلاتی پیسپاردن وئیمکانات و وەزارەتەکانی خستە ئیختیاریانەوە. پاشان خودی جەنگ وهاتنەکایەوەی بارودۆخە ناهەموارەکانی دواتر، بەرەکەتیکی ئاسمانی بوو بۆ گەشەو هەلدانی ڕەوتە ئیسلامی‌یەکان لەعیراق. لەمانەش زیاتر دابەشکردنی عیراق بەپی‌ی تەقسیماتیکی قەومی و ئاینی وتایەفەگەری، فرسەتی دابەوەی ڕەوتە ئیسلامی‌یەکان وەك "بەشی زۆرینە" چاولەخۆیان ببرن و بەوناوەوە بینە نیو حساباتی سیاسی‌یەوە. ڕەشنوسی دەستور لەم ڕاستیانە بەدەرنی‌یە. کۆمەلگای شاری و خەلکی موتەمەدنی عیراق بەوهۆیەوە کەلەبیدەرەتانی و جەنگ وداگیرکاریدا ڕاگیروان، بەوهۆیەوە کە هیچ بوواریك بۆ هەلکیشانی هەناسەی ئازادی وئارامیان نەماوە تەسلیم بەواقعیەتیك کراون، کە ئیسلام وەك لەزگەیەك تەحەمولبکەن. ئەگینا هیچ لەوە سادەترنی‌یە کەلەگەل کەمترین کەش وهەوای ئازادی و ئارامیدا ئەم لەزگەیە لەجەستەی خۆیان داماڵن و لەمۆزەخانەی میژوودا هەلیگرن.

## ناسیونالیزمی کورد ودەستور، "تەوافق" یان تەنازول!:

ڕەشنوسی دەستور، بەتەوای هەموو ئەو هەراو هوریاو ڕاگەیاندنانەی بەدرۆ دەرهینا کەیەکیتی وپارتی سەبارەت بەچەسپاندنی"مافەکانی کورد" لەدەستوری عیراقدا بەگوی‌ی خەلکدا دابوویان. ئەوەی کەوتیان، مەسەلەکانی فیدرالیزم و"مافی چارەی خۆنوسین" وگیرانەوەی کەرکوك بۆسەر دەسەلاتەکانی یەکیتی وپارتی، مەسەلەی پیشمەرگەو دەسەلاتەکانی هەریمی کوردستان.. کۆمەلەی ئەو خالانەن کەمەساوەمەیان لەسەر ناکری و"هیلی سوری کوردایەتی"یان پیکهیناوە ودەبی بەرەزامەندی "کورد" لەدەستوردا بچەسپیت، ئەمانە هەموویان ئیدعا وقسەیەکی پۆچ دەرچوون. لەڕاستیدا ئەوەی کە ناسیونالیزمی کورد لەگەمەی دەستور وسات وسەودای لایەنەکاندا تییدەپەرینی "تەنازولە تا تەوافق" وئەوەشی بۆیان سەلماوە لەجەوهەردا شتیکی زیاترنی‌یە لەحوکمی زاتی سالی ١٩٧٠ ی ڕژیمی بەعس. بەلام بەم حالەوە دیسانەوە ئەوە سەرانی یەکیتی وپارتین بانگەشەی ئەوە دەکەن کەڕەشنوسی دەستور لە٪٩٨ی "خواستەکانی کوردی" بەدیهناوە! وجاریکی تریش خەریکی بلاوکردنەوەی درۆ ودەلەسەن تا خەلکی بەخۆشخەیالی‌یەوە بخەنەوە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان!

بۆلی٥

# ڕوداوەکەی کەلار کێ لێی بەر پرسیارە

## لە پەیوەست بەو کارەساتەی کە لە ئەنجامی ناڕەزایەتی خەڵکدا ڕویدا.

وەستا ووریا

### (پێشبڕکێیەك لەسەر ناڕەزایەتی.....)

پێشەکی ئەبێ ئەوە بڵێین کە ناڕەزایەتی خەڵك بەرانبەر بە پێداویستیەکانی و یەخەگرتنی دەسەڵاتداران بۆ جێبەجێ کردنی داواکارێکانیان مەسەلەیەکی زۆر ڕۆتین و ئاساییە، لە دواکەوتووترین وولاتی دونیادا مانگرتن و خۆپیشاندان بۆ بەدەست هێنانی پێداویستێکانی ژیانیان بۆتە مۆد، ڕەخنە گرتن لە دەسەڵاتداران و هەڵماڵینی پەردە لەڕووی کارە دژی ئینسانێکانیان و قسە کردن بەدەسەڵاتداران تەنانەت لە سعودیە و ووڵاتانی خەلیجیش بۆتە پەرنەسیبێکی کۆمەڵایەتی، بۆ ئەم مەبەستەش، هەر پیشەیەك ڕێکخراوی جەماوەری تایبەتی بەخۆی هەیە، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویست و دیاریکراودا بتوانن بە کۆمەڵ ناڕەزایەتی دەربڕن و داواکاریەڕەواکانیان داسەپێنن بەسەر دەسەڵاتداراندا.

بەڵام بە داخێکی زۆرەوە، میراتیە سەرکوتگەرەکانی بەعس، هەتا ئێستا ڕەگ و ریشەی خۆی هەیە، لە کۆمەڵگا بەگشتی و لای دەسەڵاتداران بەتایبەتی، هەر ئەو عەقڵەیەتەیە کە ئەتوانێ لە کاتی هەر چەشنە مانگرتن و خۆپیشاندانێکدا، دەستڕێژ لە خەڵك بکات و چەندین کەس بکاتە قوربانی، ئەو عەقڵە نەزۆك و میراتگرەو وەڵامدانەوەی ناڕەزایەتێکانی خەڵك بە ئاگر و ئاسن، وەرەقەیەکی دۆڕاوو عەقڵێکی زۆر ترسنۆکانەیە بۆ وەڵامدانەوە، لەلایەکی ترەوە وەڵامدانەوەی بەم جۆرە و هەڕەشە و گوڕشەکردن لە خەڵکی ناڕازی و نێونەرەکانیان کردەوەی ئەو دەسەڵاتدارانەیە کەلەسەدا نەوەدو پێنجی خەڵکدا بەخوێنیان تینووە، بەڵام ئێوە تائێستا خۆتان بەڕابەرو نێونەری خەڵك ئەزانن، هەموو موناسەبەیەك بەهەل ئەزانن کە باسی ئازادی و مافەکانی مرۆڤی تێدا بکەن، بەڵام بەداخەوە ئەوەتان زۆر زوو لە بیر چووکە خودی دەسەڵاتەکەی ئێوە ئەنجامی توندی ناڕەزایەتی خەڵك بوو لە دەسەڵاتی ڕژێمی دڕندەی بەعس، ئەگەر خەڵکی ناڕازی بەئەشکالی جۆراوجۆر سەرشەقامەکانیان نەتەنیایە، ئەگەر لێرەو لەوێ گروپی جۆار جۆر، بۆ هێرشکردنە سەر پەرژەوەندێکانی ڕژێم دروست نەبوایە، ئەگەر هێرشی شەپۆلی تورەی خەڵك نەڕژایەتە بنکەو بارەگاکانی ڕژیمی بەعسی دڕندە، ئەوە تائێستاش ئەبێ ئێوە لە شاخ و پێدەشتەکان گۆرانی یار لەیلتان بگوتایە، ئێوە ڕژێمی بەعس نین بەئینقلابێکی کوتوپڕ ووڵاتتان داگیر کردبێت و دەسەڵاتتان زەوت کردبێ و خەڵك ئاگای لێ نەبێ، ئێوەی دەسەڵاتدارانی ئێستای کوردستان هیچ یەکێکتان بەقەد تاك تاکی خەڵکی کوردستان قوربانیتان نەداوە، چونکە ئەوان پێیان وابو ئەگەر کورد دەسەڵاتی بەدەستەوەبێت دونیا ئەبێ بەماستی مەییو، برسێتی و بێکاری نامێنێ، زیندان و ئەشکەنجە و ئیعدام و ئەو دەستگا و دائیرەیەبنکە و بارەگا ئەپێچێتەوەو ئەچێتە خانەی یادگارێکانەوە، نەیانزانی هەمان کارو کردەوە ئەمجارەیان بەکوردی دەست پێ دەکا.

ڕاستە خەڵك خۆی خۆشی خەیاڵ بوو بەدەسەڵات و سیاسەتی ئێوە ، بەڵام قبوڵی نیە جارێکی تر مۆتەکەی دەسەڵاتی ڕەشی دکتاتۆرەکان قبوڵ بکات قبەڵیان نیە جارێکی تر ڕۆڵەکانیان بەر دەستڕێژی گولەبدرێ یان لە زیندانەکاندا توند بکرێن لەسەر خەبات بۆ دیاری کردنی چارەنووسی سیاسی خۆیان، لەسەر برسێتی و بێکاری، لەسەر خەبات بۆ ئازادی و مافە مەدەنێکان، لەسەر مافەکانی منداڵان و یەکسانی ژن و پیاو.

### ((ڕوداوەکەی کەلار و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا))

هیچ ناڕەزایەتیەکی بەکۆمەڵ و ڕێکخراو بەسەرکوت و کوشت و بڕ ناتوانێ کپ بکرێتەوە، ئەگەر ئەمەش ڕووبدات ئەوە لەئایندەدا زۆر بەهێزتر و بەرفراوانتر و توند و تیژتر سەر هەڵئەدات، مامەڵە کردنی خەڵکی ناڕازی بەهەڕەشەو گوڕەشە و دەستڕێژکردن و زیندان و ڕاودوونان ئەوە ئەنجامەکەیەتی کە بینیتان، لە جیاتی نزیك بونەوەو ڕازی کردنی خەڵك و جێ بەجێ کردنی داواکاریکانیان ، ئاستی نەفرەت و ناڕەزایەتی خەڵك لە دەسەڵاتداران چووە جێگەیەکی تر، کەهاوردنەوەی زۆر ئاسان نیە. ناونانتۆرەی ئاژاوە گێری بۆ داواکاری و ناڕەزایەتێکانی خەڵك مەسەلەیەکی سواوە لە قاموسی سیاسیدا، دووبارە کردنەوەی هیچ نیەیە لەوەی زیاتر کە ئیستفزازێکی زۆرپێمانابێت، بۆ هەرچی داواکاری خەلك و گەنجەکان بێت، ئێوە بەئاژاوە گێڕی لە قەڵەمی بدەن، ئەمە بەتەنها ئەوە ئەگەیەنێت کە مانگرتن و ناڕەزایەتی قەدەغەیە و هەڵسوڕاوانی ئەبێ سزا بدرێ، کاتێ کە ئێوەی دەسەڵاتداران ناتوانن هیچ شتێ چارەسەر بکەن و باری خەڵکی سوك بکەن و هەموو شتێ بۆ خۆتان هەڵلوشن خەڵك چیبکات، دوو ڕێگە هەیە بیگرێ یان ئەوەتا تامردن ئەبێ چاوەڕوانبێ یان ئەوە ناڕەزایەتی دەربڕێ و ئێوە مەجبور بەجێ بەجێ کردنی داواکارێکانیان بکات، کاتێ ئێوە ئەڵێن مانگرتن و خۆپیشاندان ئاژاوەگێڕیە و قەدەغەیە، ئەوە ئەڵێن حاڵەتی یەکەم هەڵبژێرن، گرنگ نیە ئێوە لەبرسا ئەمرن لە سەرما ڕەق ئەبنەوە، بەتاریکی دائەنیشن، گرنگ ئەوەیە کەدەسەڵاتەکەی ئێمە لەکەدار نەبێ و بەنمونەی دەسەڵاتی دیموکراسی و مافی مرۆڤی بزانن لەبەرچاو ڕای گشتی جیهاندا.

دوو دەستەواژە هەیە ئەوەندە قێزەونە لە ناو خەڵکی کوردستان، خەریکە وەك ناوی بەعسی لێ دێت،ئەویش "ئاژاوە گێڕی و حکومەتی ساوایە" ئەگەر حکومەت ساوایە، ئێوەی دەسەڵاتداران ئەو هەموو سەروەت و سامانەتان لە کوێوە هێنا؟ ئەو هەموو پارە پولە کەلە بانکەکانی دوونیا داتان ناوە لە کوێوە پەیداتان کرد؟ ئەو هەموو باڵەخانەیەی کە لە ناو چەند دۆنم زەویدا کردووتانە دەست کەوتی کام کار و چالاکی بازرگانی ئێوەیە، وانەزانن کە خەڵك نازانێ کاتێ ئێوە لە شاخ بون کەستان پارەی درووست کردنی ژورێکیشتان نەبوو، ئەو دەست کەوتانە هەمووی هی دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)ە ئەمەش گشت خەڵکی کوردستان لێی ئاگادارە، بۆچی بۆ ئێوە حکومەت ساوا نیە بۆچی بۆ خەڵك ساوایە؟ ئەم یەك بان و دوو هەوایە تاکەی، حەتمەن خەڵك لێتان قبوڵ ناکات جائەمڕۆ بێت یان سبەی.

### کێن ئەو ئاژاوە گێڕانەی کە ئێوە باسی ئەکەن!!......

ئەمە یەکەم جار نیە کە مانگرتن و ناڕەزایەتی خەڵك لە کەلار خەڵتانی خوێن ئەکرێ، کوشتنی کەسێکی بێتاوان و بریندار کردنی چەند کەسێك لە سەر هەڵگرتنی مەحاوەلەیەك دواتر کوشتنی ئەو کەسەی کە تەقەی لە خەڵك کردو دروست بوونی دووژمنایەتی هەردوو بنەماڵە لە ئەنجامی ئەو کارەوە، تەقە کردن لە یاری کەرەکان لە یاریگای کەلار و کوشتنی یاری کەرێ ئەمەش لەلایەن بەرپرسێکی دەسەڵاتدارەوە،ئەمجارەش بریندار بوونی زیاتر لە بیست و حەوت کەس کە چەند کەسێکی تریشیان برینەکانیان سەختە، چەندین خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی تر کەلەو شارۆچکەیە ڕویداوە هەموو بەئاژاوە گێڕ و پیاوی ڕژێم لە قەڵەم دراوە.

دیارە خەڵکی شەریف و ئازادیخواز و کۆمۆنیست مەبەستی لە ناڕەزایەتی و مانگرتن هەوڵ و خەباتە لە پێناو باشتر کردنی ژیانی خەڵك و بەرەو پێش بردنی گوزەرانیان.

هەر هەوڵ و تەقەلایەك لەم ئاستانەدا، مانا و مەغزای شۆڕشگێڕانەی خۆی هەیە،کەناوەڕۆکە ئەساسیەکەی هیچ نیە لەوە زیاتر، کە خزمەتە بە ئینسان و باشکردنی گوزەرانیان ، ئەم خەباتەش حەقانیەتێکی تەواوی هەیە،چونکە خەباتێکە لە پێناو مانەوەو درێژەدان بە ژیانێکی بە پرۆسەباشتر،ئەم خەباتە هەوڵ و تەقەلایەك نیە بۆ زیاتر کەڵەکەی سەرمایە و خۆشتر کردنی ژیانی بەشێکی کەم لە سەرمایەداران، لە سەر حیساب و ڕەنجەشانی بەشە زۆرەکەی کۆمەڵگا.

لە وەتەی ناکۆکی چینایەتی وجودی هەیە چینێك چەوساوەو چینێك چەوسێنەر، خەباتی چینی چەوساوە بۆ ڕزگار بوون لە چەوسانەوە حەقانیەتێکی تەواو کەماڵی هەیە، ئیتر ئەم هەوڵ و تەقەلاو خەباتە ((ئاژاوەگێڕی نیە)) ئەم خەباتە زۆر شۆڕش گێڕانەو ئنسانیە.

ئەوانەی ئەیانەوێ ئاستانەی ئەم خەباتە بشێوێنن و بەلاریدا بەرن ، ئەوە هەر هاوچینەکانی خۆتانە، بۆ ئەوەی ئەو هەوڵ و تەقەلایە لەبار بەرندەست ئەکەن بەئاژاوە گێڕی و شێواندنی مەسارعی مانگرتن و خۆپیشاندانەکە، ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ مێژوو ئەوە زۆر کار و کردەوەی دژی ئینسانی و ئاژاوەگێڕی بە ڕۆشنی ئەبینین، هەر خودی ڕۆژی یەکی ئایار کە ساڵانە چینی کرێکاری جیهان نمایشی چینایەتی خۆیان ئەکەن، ئەنجامی ئاژاوەگێڕی جەندرمەکانی سەرمایەبوو، بۆ خەفە کردنی خەباتی چینی کرێکار کەیەکێ لەو جەندرمانە بۆمبێکی هاویشتە ناو مانگرتنێکی کرێکاریێ وەو دواتر ڕابەرانی ئەو خۆپیشاندانەیان ئیعدام کرد.

ئەوەندەی پەیوەندی بەخۆپیشاندانەکەی کەلارەوە هەیە ئەوە خۆتان و جەماوەری خەڵکی ئازادیخواز ، ئەزانن کە ئاژاوە گێڕێکە، دەستە خوشکانی خۆتان و ئەو کەسانەبوون کە بەدرێژای دەسەڵاتەکەتان ئێوە چوتانەتە ژێر شانیان و بەمەلاین دینار کۆمەکیانتان کردوەو لە بەردەمیان نوشتانەتەوە هەرکاتێکیش هەلیان بۆ بڕەخسێ ئەوە زەربەی کاریگەرتان تێ ئەسرەوێنن، بەڵام چونکە بەرژەوەندێکانتان هاوبەشە، واز لە دڵنەوایکردنیان ناهێنن و ئەو ئاژاوە گێڕیەش بەمنافەسەی حیزبی ئەزانن و ئەتانەوێ شانەکەی بەسەر خەڵکی ئازادیخوازدا بشکێنن ئێوە دەسەڵاتدارانی کەلار بۆچی وەڵامی نوێنەرەکانتان نەدایەوە، بۆچی ویستان بەهەڕەشە و گوڕەشە بەرێیان بخەن!!!..بۆچی بەشێوازێکی سیاسی مۆدێرن مامەڵەتان لەگەڵیان نەکرد.!!!.

ئێوە ڕێگەتان خۆشکرد بۆ ئاژاوە گێڕان کەمەساری ئەو خۆپیشاندانە بگۆڕن و مەبەستە کۆنە پەرستەکانی خۆیان بپێکن ئێوە پێش ئەو ئاژاوەگێڕانە بەرپرسن لەو تاوانانەی کرا، خۆئەمە یەکەم جار نیە ئێوە شێوازی هەڕەشەو سەرکوت بەکار بهێنن، بەرانبەر بەناڕەزایەتێکانی خەڵك، بەڵام دەرس و تەجرەبەتان لەو ڕوداوانە وەرنەگرت، چونکە بەسزای تاوانەکانی خۆتان نەگەین، خەڵك بەیەك دەنگ و یەك ڕیز درێژەیان بەخەبات نەدا،لەپێناو دادگای کردنی تاوانباران و سزادانیان.

## بۆئەوەی هەواڵو بابەتەکەت بڵاوبکرێتەوە

**تکایە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکە:**

**١- بابەتەکان بەچاپکراوی بگاتە دەستمان، لەڕێگەی ئیمێڵ یان لەڕێگەی ئادرەسی بڵاوکراوەکەوە.**

**٢- نوسراوەکان بە فۆنتی sahifa و بەحەجمی ١٤ بێت و قەبارەی لاپەڕەکەش لە A4 زیاتر نەبێت ژمارەی ووشەکان لە ٦٠٠ ووشە زیاتلا نەبن.**

**٣- دوایین کات بۆ ناردنی بابەتەکان، دووهەفتە جارێك لە ڕۆژانی چوارشەممەدا، واتە سێ ڕۆژ بەرلەکاتی دەرچوونی هەر ژمارەیەك، هەر بابەتێکیش بڵاونەکرایەوە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی.**

**٤- ئەوکەسەی بابەت و هەواڵ ئەنێرێت ئەبێت ئادرەسی تەواوی خۆی بنێرێت و خۆیشی بەرپرسیارە لەناوەڕۆکی هەر نوسراوێك کەبەدەستمان ئەگات.**

**لەگەڵ ڕێزدا.........**

**ڕاپرسی**

